# بۆ تەوبەکاران

نووسینی

نهاد جلال حبيب الله

١٤٣٥ کۆچی .... ٢٠١٤ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: بۆ تەوبەکاران

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: ئایینی

نۆبەو شوێن و ساڵی چاپ: یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤

چاپخانە: رۆژهەڵات

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن:

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

*Nihad.jalal@gmail.com*

بۆ دەستخستنی ئەم بەرهەمە بە کۆ

٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

# پێشکەشە

بەوەی بە کوڵ نزایەك دەكات بۆ باوكی ئازیزی كۆچكردووم و دایكی ئازیزی باوەڕدارم.

بە خوشك و برا ئازیزەكانم، هاوسەری بەوەفاو منداڵە چاوگەشەكانم.

بە هەموو خۆشەویستانم.

بە هەر موسڵمانێكی تەوبەكار.

بەوەی لە نزای خێردا بێبەشم ناكات.

# پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ خوای گەورە، خوایە سوپاس و ستایش بۆ تۆ تا ڕازی دەبیت، سوپاش بۆ تۆ کاتێك ڕازی دەبیت، سوپاس بۆ تۆ پاش ڕازی بوونت، هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ تۆ، صەلات و سەلامی خوا لە پێغەمبەری خوا و ئالوبەیت و یارانی.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت(إن الله عز وجل يبسط يده بالليل ليتوب مسيء النهار، ويبسط يده بالنهار ليتوب مسيء الليل، حتى تطلع الشمس من مغربها)،[1] (خوای گەورە بە شەو دەستی والا دەکات تا تاوانبار و خراپەکاری ڕۆژ تەوبە بکات، بە

---

١ – صحيح مسلم، الرقم ٥٠٦٠، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٩٠٩٤، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٥٣٤٩، مسند الطيالسي، الرقم ٤٨٦، مسند الروياني، الرقم ٥٤٢.

ڕۆژیش دەستی والاّ دەكات تا تاوانبار و خراپەكاری شەو تەوبە بكات، ئەمەش ڕۆژانە بەردەوام دەبێت تا ئەو كاتەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت، واتە ڕۆژی دوایی).

بۆیە دەرگای خوا هەمیشە كراوەیە بۆ بەندەكانی، بۆ ئەو كەسانەی كە لای ئێمەی بەندەكانی خوا هیوایەك نەماوە بۆ ڕێنمونییان، بەلاّم لای خوای گەورە دەرگا والاّیە بۆیان با چەندە تاوانبار و خراپەكار بووبن، لەوەشدا خوای گەورە بێباكە لە لێخۆشبوونی ئەو بەندەیە مادەم تەوبەیەكی دروست بكات خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

تەوبەكردنیش لە تاوان واتە دەرچوون لە تاریكیەوە بەرەو ڕووناكی، لە پیسیەوە بەرەو پاكو خاوێنی، لە مەرگەوە بەرەو ژیان، لە ترسەوە بەرەو ئارامی، ئەمانەش كە دەیانڵێین هەر لەخۆوە نایانڵێین بەڵكو خوای گەورە لە قورئاندا باسی كردووەو ئەو جیاوازیەی داناوە لەنێوان كەسی خراپەكار و بێباوەڕو كەسی تەوبەكارو خواناسدا.

هاوكات خوشكی ئازیزی تەوبەكار، لاوی خۆشەویست كە گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، مامێكی پیری ریش سپی یان داپیرەیەكی تەوبەكار و تازە لەدایكبوو، پاش تەوبەكردنەكەی دەبێ چەند شتێكی گرنگ هەن بیانزانێت، لەوانە بە جوانی بزانێت ڕابردووی چۆن بووەو تیایدا چی كردووە تا نرخی ئەم بەخششەی ئێستای پەروەردگاری بزانێت و هەرگیز حەز نەكات بگەڕێتەوە بۆ ئەو بارەی جارانی، بزانێت سەرچاوەكانی فەرمان و ڕێنمایی لە ئیسلامدا چین تا بزانێت لە كوێوە رێنمایی وەربگرێت، هەنگاو و پلەكانی هەنگاونان لە ڕێی خوادا بزانێت، ئەمەو چەند بابەتێكی تری پێویست كە لەم كورتە نووسینەدا باسمان كردووە.

ئەگەرچی بابەتی تەوبە و ڕێنماییەكانی تایبەت بە كەسی تەوبەكار و ژیانی پاش تەوبەی یەكجارەكی پێویستی بە دەیان بەرگ نووسینی ورد هەیە تا چی زانیاری پێویست هەیە بخرێتە بەردەستی، بەڵام ئەوەی لێرەدا هەوڵمانداوە تەنها كورتەیەكی زۆر

کورتە تا گرنگترین پێویستیە بنەڕەتیەکان بخەینە بەردەم کەسی تەوبەکار.

بەو هیوایەی خوای گەورە ئەم نووسینە بکاتە مایەی خێر بۆ ئەوانەی کە تەوبەیان کردووەو ئەوانەش کە هێشتا تەوبەیان نەکردووە، هەروەها خوای گەورە پاك و پوخت لەبەر خۆی ئەم هەوڵەی لەم بەندەی خوایە وەرگرتبێت.

إن أريد إلا الإصلاح ما استطعت و ما توفيقي إلا بالله عليه توكلت و إليه أنيب

نهاد جلال

ربيع الثاني ١٤٣٥

# جارێکیش بەم چاوەوە بڕوانە ڕابوردووت

برا ئازیزەکەم، خوشکە بەڕێزەکەم، لاوی تازە تەوبەکار، پیری ریش سپی کە سەرلەنوێ لەدایك بوویتەتەوە، دایکی بەسۆزی تەوبەکار، کیژی جوانی ڕاچڵەکیو،... ئەگەرچی لەوانەیە تا ئێستا تەنها لە چاوی خۆتەوەو بەو جۆرەی خۆت بیرت لە ژیان کردوەتەوە ڕوانینت هەبوبێت بۆ ڕابوردووت، لەوانەیە ڕابردووی تاوانباریت بە ئەنجامێکی قەدەری خوا تەماشا کردبێت، لەوانەیە پێشینەی پڕ تاوان و سەرکێشیت بە مافێکی خۆشگوزەرانی خۆت دانابێت، تکایە ئەمجارە چاوێکی تر بخشێنەرەوە بە ڕابوردووتدا، بەڵام ئەمجارەیان چاوی سۆزداری و خۆخەڵەتێنی نا، چاوی دادگاییەکی دادوەرانە تا بەجوانی خۆت بناسیت.

هەرگیز بووە کەسێك چاکەیەکت لەگەڵ بکات و چاکەکەیت لەبیر کردبێت، مەگەر دەتوانیت پێزانینت نەبێت بۆ کەسێك کە چەند ڕۆژێك کات و توانای خۆی تایبەت دەکات بۆ تۆ؟! بە دڵنیاییەوە ئەوەی چاکەیەکی لەگەڵ نواندبیت کە تەنها بەرژەوەندی تۆ تیێدابووەو ئەرك بووە بۆ خۆی، هەمیشە وەك بارێکی قەرزاری ئەو یادەوەریەت لاماوەتەوەو هەرکات پێزانینت دەبێت بۆی و هەوڵ دەدەیت چاکەیەك بخەیتەوە شوێن ئەو چاکەیە.

ئەی تۆ چەند ساڵە بێ ئەوەی هیچ بیرت لێکردبێتەوە دەزانیت ڕۆژانە چەند هەناسە دەکێشیت؟

دەزانیت بۆ ئامادەبوونی هەناسەیەکی تۆ چەند کردار روودەدەن تا هەناسەیەکی سادە هەڵکێشیت؟

ئایا هیچ ماندبوونێکت چەشتووە لە لێدانی دڵتدا؟ ئەی ئەزانیت ئەگەر یەك خولەك ئەرکی لێدانی دڵت بدرێتە دەست خۆت هەوڵی دنیایەکی بۆ بدەیت هێشتا چاری ناکەیت.

بیرت کردوەتەوە تەنها بۆ خواردنی پاروویەك نان چەند کردار روودەدەن؟

ئەو هەموو بەخششەی خوا پێی بەخشیویت هەر لە جەستەی خۆت و دەوروبەرت و خۆراك و خەو و ....، بەڕاست، ئایا دەستخۆشیت هەیە بۆ ئەو هەموو بەخششەی خوا؟

دەی برا ئازیزەکەم، خوشکە نازدارەکەم ، بیرت بێت تۆ تەمەنی ڕابوردووت هەمووی هەنگاو و هەوڵ بووە بۆ سەرپێچی و لادان لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەو خوایە، ئایا ئەوەی خوا داوای لێکردبوویت هێندە خراپ و دژ بە حەسانەوەی تۆ بوو کە نەتوانیت بەگوێی بکەیت و ئەو هەمووە ماوەیە چاو دابخەیت لەئاست ئەو

هەموو بەخششەی خوای گەورەدا ؟!! بۆ واتدەزانی ئەوەی گوێڕایەڵی خوا بێت ئیتر ژیانی هەمووی نارەحەتی و ئەرك و كۆت و بەندە؟ دەی بزانە خوای گەورە داوای چی لێکردبوویت و تۆیش ئەو داواکاریانەت لیَ بووبوو بە دێوەزمەیەك:

خوا پەروەردگاری تۆیە و تۆی خۆش دەوێت و چاکەی تۆی دەوێت، ئەیەوێت هەرچیەك بۆ تۆ چاکە ئەوەت پێببەخشیَ و تۆیش ئەوە بکەیت(وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِلأَبْرَارِ)،[1](ئەوەی لای خوایە خێر و چاکە بۆ چاکەکاران).

خوای گەورە سۆز و میهرەبانی خۆی پێش تووڕەبوونی خستووە بۆت، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت(لما قضى الله الخلق كتب في كتابه فهو عنده فوق العرش إن رحمتي غلبت غضبي)[2](لەو

---

[1] – آل عمران: ١٩٨.

[2] – صحيح البخاري، الرقم ٣٠٣٧، صحيح مسلم، الرقم ٥٠٤٥، سنن الترمذي، الرقم ٣٥٥٠، سنن ابن ماجة، الرقم ٤٢٩٢، صحيح ابن حبان، الرقم ٦٢٣٤، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٧٤٩٢، مسند احمد بن حنبل، الرقم ٧٣٠٩.

کاتەوەی خوا قەزای خەلقی داناوە لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی و لای خۆیەتی لەسەروو عەرشەوە، رەحمەتم زاڵ بووە بەسەر تووڕەییمدا)، بۆیە دڵنیابە ئەوەی بۆ تۆی دادەنێت تەنها خێر و چاکەی تۆیە.

دڵنیا بە خوا هەرگیز ستەمی ناوێت بۆت، بۆیە ترست نەبێت هیچ ستەمێکت لێناکات(وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْماً لِلْعِبَادِ)،[1](خوا ستەمی ناوێت بۆ بەندەکان).

خوا سەختی و ناڕەحەتی لە تۆ ناوێت، بەڵکو دەیەوێت ڕێرەوی ژیانت بۆ ئاسان بکات و ناڕەحەتیەکانت لەسەر هەڵگرێ، خۆ خۆشی و ناڕەحەتی هەر بە دەست خوایە، بۆیە لەبری ناڕەحەتی ویستی خوا بۆ تۆ ئاسانکارییە، (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ)،[2] (خوا ئاسانی دەوێت بۆتان و سەختی ناوێت بۆتان).

[1] – غافر: ٣١.

[2] – البقرة: ١٨٥.

خوا نزیکترین کەسە لێتەوە، هەرگیز بیرت نەچێت کە هەرچیت پێویست بوو داوای بکە لە خوا، هەموو کات دەرگای والآیە بۆ داواکاری و ویستەکانت، هیچ کەسێکیشی دانەناوە تا پەیامی تۆ بگەیەنێت بە خوا، بەڵکو هەرکات نزاو داواکاریەکت هەبێت لێی داوا بکە ڕاستەوخۆ خۆی گوێت لێدەگرێت(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ)،[1] (ئەگەر بەندەکانم سەبارەت بە من پرسیاریان لێکردیت ئەوا من نزیکم و وەڵامی نزای نزاکار دەدەمەوە ئەگەر داوام لێ بکات، دەی با بێن بەدەم بانگەوازمەوەو باوەڕیشم پێ بهێنن بەڵکو تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بن).

وریابە شەیتان دوژمنتەو هیچ چاکەیەکی تۆی ناوێت(وَلا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ)،[2] (شوێن

[1] – البقرة: ١٨٦.

[2] – البقرة: ١٦٨.

هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون چونکە ئەو دوژمنێکی ڕوونی ئێوەیە).

شەیتان نیازی خۆی بەرامبەر بە تۆ دەربڕیوەو تاکە داوای لە خوا ئەوەبووە خوایە بمهێڵەرەوە تا ڕۆژی دوایی تا هەموو هەوڵ و توانای خۆم بدەم بۆ ڕێ لێ شێواندن و گومڕاکردنی بەندەکانت، تا هەموویان لەخشتە بەرم و جڵەویان بگرمە دەست(قَالَ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ، قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ، قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ، ثُمَّ لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ)،[١]

(شەیتان وتی خوایە تا ڕۆژی زیندووبوونەوە من بهێڵەرەوە، خواش فەرمووی تۆ لەوانەیت کە دەمێنیتەوە تا ڕۆژی دوایی، ئەویش وتی دەی بەو هۆیەی سەرکەشت کردم لەسەر ڕێی ڕاستی

[١] – الأعراف:١٤–١٧.

تۆدا بۆیان دادەنیشم و لە بەردەم و لە دوایانەوەو لە ڕاست و چەپیانەوە دەچم بۆیان و ناشبینیت زۆرینەیان شوپاسگوزار بن).

شەیتان ڕێ ناشیرینەکانت لێ دەکات بە گوڵ و گوڵزار و شتە بۆگەنەکانت لێ دەکات بە جوانی و ڕازاوەیی(وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ)،[1] (شەیتان کارەکانی ئەوانی ڕازاوە کرد بۆیان)، بەڵام هەرکات تاوانەکەی پێ ئەنجام دایت ئینجا بەوپەڕی توانایەوە هاوار دەکات حاشا لە تۆ دەکەم و من لە تۆ نیم، من لە خوا دەترسم و ئامادە نیم بەشدارت بم، (كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ)[2]

---

[1] – الأنفال: ٤٨.

[2] – الحشر: ١٦.

(وەك نموونەی شەیتان کە بە مرۆڤ دەڵێت بێباوەڕ بە، کەچی کاتێك بێباوەڕی نواند شەیتان بەو کەسە دەڵێت من دوورم لە تۆ من لە پەروەردگاری جیهانیان دەترسم).

خۆ ئەگەر پێیشی بڵێیت بۆچی تووشی ئەو تاوان و خراپەت کردم وەڵامێکی کورت و پوختی هەیە بۆت، سەرکۆنەی من مەکە، تۆ خۆت تاوانەکەت کردووە، من تەنها پێشنیارم بۆ کردیت، خۆ من توانا و دەسەڵاتم نەبوو بەسەرتدا، ئەوە تۆ خۆت بوویت کە هاتیت بە دەم داواکەمەوە، چاوەڕێی هیچ چاکە و پاداشتێکیش نەبیت لە من، چونکە من هیچم بەدەست نیە(وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلاَ تَلُومُونِي وَلُومُواْ أَنفُسَكُم).[١]

[١] – إبراهيم: ٢٢.

(كاتێك هەموو شتێك تەواو دەبێت شەيتان قسە دەكات و دەڵێت خوای گەورە بەڵێنی حەق و ڕاستی پێدان و منيش بەڵێنم پێدان كەچی درۆم كرد لەگەڵتان، خۆ من هيچ دەسەڵاتێكم نەبوو بەسەرتاندا، من تەنها بانگم كردن و ئێوەش هاتن بە دەم بانگەوازەكەمەوە، بۆيە سەركۆنەی من مەكەن و خۆتان سەركۆنە بكەن).

ئەی بەندەی خوا ئەگەر تاوانێكيشت كردووە ترست نەبێت، لێخۆشبوونی خوا فراوانە، ئەگەر باری تاوانەكانت تا بەرزايی هەورەكان چووبێت، ئەگەر هێندەی كەفی دەرياكان تاوانيشت كردبێت، بێئومێد مەبە لە ميهرەبانی و لێخۆشبوونی خوا، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمويت(قال الله تبارك وتعالى يا ابن آدم إنك ما دعوتني ورجوتني غفرت لك على ما كان فيك ولا أبالي، يا ابن آدم لو بلغت ذنوبك عنان السماء ثم استغفرتني غفرت لك ولا

أبالي، يا ابن آدم إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا لأتيتك بقرابها مغفرة).[١]

(خوا دەفەرموێت ئەی ئادەمیزاد تا تۆ داوام لێ بکەیت و لێم بپاڕێیتەوە لەو تاوانانەت خۆش دەبم کە تیایدایت و باکیشم نیە، ئەی ئادەمیزاد ئەگەر تاوانەکانت بگەنە کەشکەڵانی ئاسمان دواتر داوای لێخۆشبوونم لێ بکەیت لێت خۆش دەبم و باکیشم نیە، ئەی ئادەمیزاد ئەگەر هێندەی هەموو دنیا تاوانت هەبێت و بێیتەوە لام و پێم بگەیتەوە و هیچ هاوەڵێکت بۆ دانەنابم ئەوا هێندەی هەموو دنیا لێخۆشبوونت پێ دەبەخشم).

بزانە تەنها ئەوانە بێئومێد دەبن لە ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خوا کە ڕێیان لێتێکچووە، ستەم لە خۆیان دەکەن و دەرگای

١ – سنن الترمذي، الرقم ٣٥٤٧، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم ٤٤٠٠، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٣٥٤٠.

ڕزگاری بەڕووی خۆیاندا دادەخەن(وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّآلُّونَ)،[1](جگە لە گومڕایان کێ هەیە بێ هیوا بێت لە ڕەحمەتی پەروەردگاری).

ئەوەی خوا حەرامی کردووە لەسەرت هەمووی پیسی و خراپەیە، ئەگەرنا هەرچیەك پاك و جوان و ڕازاوە بێت ئەوەی لێ حەرام نەکردویت(يُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ)،[2] (پاکیەکانیان بۆ حەڵاڵ دەزانێت و پیسیەکانیان بۆ حەرام دەزانێت)، بزانە لەو هەموو خواردن و خواردنەوەی لە سەرزەویدا هەیە تەنها بڕێکی زۆر کەمی لەسەر حەرام کردوویت، لە بەرامبەر حەرامێکدا سەدان حەڵاڵی بۆ داناویت، هاوسەرگیری داناوە بۆت و ئەوەشی کردووە بە هۆکاری کامڵبوونی ئیمانت، هاوکات بەڵێنی داوە پێت

---

[1] – الحجر: ٥٦.

[2] – الأعراف: ١٥٧.

سۆز و میهرەبانی بخاتە نێوان خۆت و هاوسەرتەوە بە مەرجێك ڕێی دوژمنەكەت نەگریتەبەر كە شەیتانە.

خوا تەنها هێندە ئەركی لەسەرت داناوە كە لە توانای خۆتدایە، ئەگەرنا هەرچیەك لە تواناتدا نەبێت بە ئەركی دانەناوە لەسەرت(لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلا وُسْعَهَا).[1](خوا زیاد لە توانای كەس داوا ناكات).

هەموو پەرستشێكیش كە دایناوە بۆت هەمووی بۆ خۆت و چاكەی خۆتە، تەنها و تەنها ڕۆژووە كە بۆ خوایەو خۆیشی دەزانێت چۆن پاداشتت دەداتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (قال الله كل عمل ابن آدم له إلا الصيام، فإنه لي وأنا أجزي به)،[2](خوا

---

[1] – البقرة: ٢٨٦.

[2] – صحيح البخاري، الرقم ١٨١٦، صحيح مسلم، الرقم ٢٠١٠، صحيح ابن خزيمة، الرقم ١٧٧٩، مستخرج أبي عوانة، الرقم ٢١٥٨، صحيح ابن حبان،

دەفەرمویێت هەموو کارێکی ئادەمیزاد بۆ خۆیەتی جگە لە ڕۆژو کە ئەوەیان بۆ منەو من خۆم پاداشتی دەدەمەوە).

ترست نەبیێت لە ڕابوردووت کە چی تاوانت کردووە، چونکە بزانە خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانت خۆش دەبیێت(قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً)،[1] (بڵێ ئەی ئەو بەندانەم کە لە ستەم کردن لە لە خۆیان زیادەڕەویان کردووە بێهیوا مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبیێت)، نەك هەر ئەوەش چی ڕابردووی خراپەت هەیە هەمووی دەگۆڕێ بۆ چاکە (مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ)،[2] (هەرکەس

---

الرقم ٣٤٨٢، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٢٤٩٤، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ٧٨٠٣، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٧٣٠٣،

[1] – الزمر: ٥٣.

[2] – الفرقان: ٧٠.

تەوبە بکات و باوەڕ بهێنێت و کاری چاکە بکات ئەوە ئەوانە خوا خراپەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە).

جا پاش تەوبەکردنیشت ژیانێکی وات پێدەبەخشێت کە بە تەواوی واتا پێی بوترێت ژیانی پاك و کامەرانی، جگە لەوەی مەنزڵی کامەرانی هەتاهەتایی و نەبڕاوەی بۆ داناویت لە بەهەشتدا(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ)،[1] (هەرکەس لە نێر و مێ باوەڕدار بێت و کاری چاکە بکات ئەوە ژیانێکی پاك و چاکی بۆ زیندوو ڕادەگرین و بە باشتر لەوەی کە کردوویانە پاداشتیان دەدەینەوە).

دەی لاوی دڵگەرمی ئازیز کە بە ئاوی تەوبە خۆت شۆردووە، کیژی شۆخی تەوبەکار، پیری تازە لەدایکبوو...، ئەگەر سەد

[1] – النحل: ٩٧.

لاپەڕەی تر باس لە پەیامی خوا بنووسمەوە بۆت هێشتا تەواو نابێت، تا بزانیت لەو ڕابردووەدا کە هەردەم سەرپێچی خوات کردووە هەمیشە دەنگی ئەم پەیامەی خوا بۆ تۆ زەوی و ئاسمانەکانی گرتوەتەوە، ئەوە هەڵوێستی تۆ بووە بەرامبەر بە پەروەردگارت و ئەوەش پەیامی خوا بووە بۆ تۆ، ئاااای چەندە شەرمە ئەگەر دڵت جۆش نەخوات و بەکوڵ فرمێسکی چاوت زارت نەهێنێتە گۆ تا داوای لێخۆشبوون و تەوبەت خوا خۆشحاڵ بکات، شەرم نیە خوای گەورە هەموو ئەو بەخششانەی پێ بەخشیویت تەنها بۆ ئەوەی تۆ دڵخۆش بکات، کەچی تاکە هۆکارێك کە تۆ بتوانیت خوای پێ دڵخۆش بکەیت خۆپاککردنەوەت و تەوبەکردنتە ئامادە نەبیت بیکەیت.

مەگەر نەتبیستووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت(لله أشد فرحا بتوبة عبده المؤمن من رجل في أرض دوية مهلكة معه راحلته عليها طعامه وشرابه، فنام فاستيقظ وقد ذهبت، فطلبها

حتى أدركه العطش، ثم قال أرجع إلى مكاني الذي كنت فيه فأنام حتى أموت، فوضع رأسه على ساعده ليموت، فاستيقظ وعنده راحلته وعليها زاده وطعامه وشرابه، فالله أشد فرحا بتوبة العبد المؤمن من هذا براحلته وزاده)،[1] (خوای گەورە زۆر دڵخۆشترە بە تەوبەی بەندە باوەڕدارەکەی لەو پیاوەی کە لە زەویەکی چۆڵەوانی و نارەحەتدایە، سوارەکەی پێیەو خواردن و خواردنەوەشی لەسەر سوارەکەیەتی، ئینجا خەوی لێ دەکەوێت، کە لەخەو هەڵدەسێت سوارەکەی چووە، بەدوایدا دەگەڕێت تا تەواو تینوێتی زۆری بۆ دێنێت، ئینجا دەڵێت دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی تێیدا بووم و

[1] – صحيح مسلم، الرقم ٥٠٣٥ و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم ٦١٩، سنن الترمذي، الرقم ٢٤٨٢، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٧٤٨٣، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٩٣١٠، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٣٥٠١، مسند ابن أبي شيبة، الرقم ٢٦١، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم ٥٠٥٢.

ئەخەوم تا دەمرم، هەرکە سەری لەسەر دەستی دادەنێت تا چاوەڕێی مەرگ بکات، کە لە خەو هەڵدەستێت سەیر دەکات سوارەکەی لایەتی و توێشوو و خواردن و خواردنەوەکەش بەسەر سوارەکەوەیە، دەی خوا زۆر دڵخۆشترە بە تەوبەی بەندە باوەڕدارەکەی لە دڵخۆشی ئەو کەسە بەو سوارو توێشووەی).

ڕاستیەکەی ئەمە ڕابردووی تۆ بووە، ڕابردوویەك کە چاکەت لێ بووەتە خراپەو خراپەت لێ بووەتە چاکە، دۆستت لێ بووەتە دوژمن و دوژمنت لێ بوەتە دۆست، ڕێی ئاگرینت گرتوەتەبەر و واتزانیوە بەرەو باخچەی کامەرانی دەڕۆیت، کەچی هێشتا خوای گەورە ئەو هەموو دەرگای بۆ هێشتیتەوە، جا ئێستا کە سوپاس بۆ خوا دەرگای ڕزگاربوونت دۆزییەوەو هاتیت بەرەو ڕێی کامەرانی، بیرت نەچێت بەردەوام سوپاسی خوا بکەیت لەسەر بەخششی ئیمان، لەسەر ئەو هەموو بەخششەی تر کە هەر چرکەیەکت هەزاران

بەخششی خوای لەگەڵە، هەردەم تەوبە و پەشیمانی دەربڕە لەسەر ڕابردووی بێوەفاییت، دڵنیابە خوا بەختەوەرت دەكات.

دەزانیت ئەوەی لای بەندەیەكی ڕاستگۆی خوا هەیە و لای كەسانی تر نیە چیە؟ بەندەی ڕاستگۆ هەمیشە ئەمانەی هەیە و پێیان دڵخۆشە:

١- دڵخۆشە كە بەندەی خوایەو خوای لە پشتە و دەزانێت لە هەر كێشەو ناڕەحەتیەكدا خوایەك هەیە كە لە هەمووان بۆی دڵسۆزتر و میهرەبانترە.

٢- هەمیشە سوكنایی و دڵئارامی دایدەگرێت، چونكە بڕوای بەوە هەیە هەرچی بووەو دەبێت لە دەسەڵات و ویستی خوادایەو خوای گەورەش چاكەی بۆ بەندەكانی دەوێت.

٣- ئەوەی مایەی خۆشگوزەرانی و بەختەوەریە بۆی ڕەوا كراوە چ لە خواردن و خواردنەوەو حەسانەوەو هاوسەرگیری و بوونی سامان و گەشت و گەڕان و ....هتد.

٤- بەهەشتێك چاوەڕێی دەكات كە هەرهەمووی تەنها و تەنها خۆشیەو دوورە لە هەر بێتاقەتی و ترسێك، بۆیە لە خۆشیەكی كاتی و كەمەوە بەرەو خۆشیەكی زۆری هەتاهەتایی دەڕوات.

ئایا ئەم بازرگانیە باشترە یان بازرگانیەك كە سەرەتاكەی ترس و ناوەندەكەی بێتاقەتی و بێزاربوون لە ژیان و كۆتاییەكەشی داڕمان و سەرەنجامەكەشی دۆزەخی هەتاهەتاییە، ئەوانەی سەرقاڵن بە ئارەزووپەرستیەوە با ساڵێك یان دوان یان سیان یان چەندی تر چێژ وەرگرن، دوای ئەوە ئامانجیان چیە؟ ئایا هەر

دووبارەبوونەوەیەکی بێ ئامانج و بەس؟ بەڵام بەندەی ڕاستگۆ دەزانێت ئەم ژیانەی ئەوی تێدایە بۆ پەرستشەو ئەو خۆشگوزەرانیەش کە هەیەتی هەر بە چاکە بۆی دەنووسرێت، ئەگەر نەوەی هەبوو بۆی دەبنە مایەی خێر، ئەگەریش نەیبوو مادەم شوکرانەبژێرە پاداشتی بۆ دەنووسرێت، دواجاریش چاوەڕوانی بەهەشتێکی نەبڕاوە دەکات.

# خەمی ڕابوردووت مەخۆ

ئازیزی تەوبەکار، ئەی ئەو تینووەی کانی ئاوی سازگارت دۆزیوەتەوە، ئەی ئەو برسیەی کۆگای خواردنت هاتووەتە ڕێ، لەوانەیە بەو چاوخشاندنەوەت بە ڕابوردووتدا غەمبار و دڵگران بوو‌بیت، لەوانەیە ئاهت بۆ لەدەستدانی ڕابوردووت جەرگت بسووتێنێ و هەناسەی گەرمت دڵت بقرچێنێ، حەقتە بزانیت ڕابوردووت چەندە پڕ زیان بووە، بزانیت چەند بێوەفا بویت بەرامبەر بە پەروەردگارت، بزانیت چ ڕێیەکی وێڵت گرتووەتەبەر، چونکە ژیانی ڕابردووی تۆ هەنگاونان بووە لەڕێیەکدا کە سەرپێچی کردن بووە لە فەرمانی خوا:

نوێژت نەکردووە لەکاتێکدا پایەو بنەرەتی ئیسلام و جیاکەرەوەی نێوان کوفر و ئیسلام نوێژە.

دژایەتی ئیسلام و موسڵمانانت کردووە لە کاتێکدا ئەوانە خۆشەویستی خوا بوون، ئەو خوایەی ئەو هەموو بەخششەی بەتۆ بەخشیووەو دەبەخشێت، کەچی تۆ هەستاویت دژایەتی خۆشەویستەکانی ئەو و پەیامەکەی ئەوت کردووە.

جلو بەرگێکت کردوەتەبەر کە پێچەوانەی داواکاری خوا بووە، ئیتر بەوە بوویت بە چەکێکی دەستی شەیتان تا سنوورەکانی خوا ببەزێنیت و دۆستانی خواش بەرەو بەزاندنی سنوورەکانی خوا ببەیت، لەچکی سەرت فڕێ داوە، بەرگی تەسك وتەنکت کردوەتە بەر و باکیشت نەبووە کە چەند کەس تووشی تاوان دەکەیت، هەر ئەوە نا بەڵکو باکت لەوە نەبووە کە خوای گەورە دەقی فەرمایشتی خۆی بە تایبەت سەبارەت بە پۆشاکت دابەزاندووەو داوای لێکردویت و فەرمانیشی پێکردوویت تا پۆشاکی تەنك و تەسك نەکەیتە بەرت و سەرت داپۆشیت.

سەرقاڵ بوویت بە مەی خواردنەوەو ماددەسڕکەرەکان و گوێت لەوە نەبووە کە خوا بە ئایەتی قورئان مەی و سەرخۆشکەرەکانی لێ حەرام کردویت.

دزیت کردووە...ئاژاوەگێڕیت کردووە...کوفرت کردووە...

بەڵێ هەموو ئەمانە شیاوی ئەوەن کانیاوی فرمێسکی چاوانتی بۆ بتەقێنی تا فرمێسکەکانت هەڵقولێن و ببنە ئاوی کوژانەوەی ئەو ئاگرەی کە خەریکە ژیانت دەسووتێنێت.

بەڵام:

هەرکات دڵنیابوویت تەوبەیەکی یەکجارەکیت کردووەو بە جوانی گەڕاویتەوەتەوە بۆ لای خوای گەورە، ئیتر ترست نەبێت وخەم مەخۆ بیر لە ڕابوردوو مەکەرەوە، چونکە ئەو تەوبە یەکجارەکیەت دەبێتە سڕەرەوەی هەموو ئەو تاوانانەی کە پەیوەستن بە خۆت و پەروەردگارتەوە، بەڵکو بزانە خوا بەڵێنی داوە خراپەکانی ڕابردووی بۆ گۆڕیویت بە چاکە(یبدل الله سیئاتهم

حسنات)، ڕابردوو چووەو ناگەڕێتەوە، بۆیە خۆت مەکەرە کۆتو بەندی ڕابوردووت،.

وانەزانیت کڕینی بەهەشت پەیوەست بێت بە زۆری کاتەوە، مەگەر نازانیت هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) هەبووە تاکە ڕکاتێکیش نوێژی نەکردووە کەچی بەهەشتی کڕیوە، چونکە لە سەنگەری جیهاددا موسڵمان بووەو هەر لەو جەنگەشدا شەهید بووە.

مەگەر نازانیت سەدان زانا هەبوون لە تەمەنی سی یان چل ساڵی یان زیاتردا دەستیان پێکردووە، کەچی بوونەتە مۆمی نەکوژاوەی ئەم ئوممەتەو تا ئەمڕۆش خێر و چاکەیان بۆ دەڕوات بەهۆی زانستێکەوە کە بەخشویانە بە موسڵمانانی سەردەمی خۆیان و جێیانهێشتووە بۆ ئەوانەی دوای خۆیشیان.

مەگەر نەتبیستووە کە پیاوێك پاش کوشتنی سەد کەس تەوبەی کرد و باوەڕی هێنا بە خوای گەورەو بەوەش بە ماوەیەکی زۆر کەم ژیان بەهەشتی بەدەستهێنا.

ئەسڵەن دەزانیت کە هەزاران هاوەڵ هەبوون پاش سی ساڵی ئینجا موسڵمان بوون، هەیانبووە هەموو تەمەنی موسڵمانبوونی ڕۆژێکی خایاندووە، بۆیە خەم مەخۆ بڵێیت دەرفەتی کەمم ماوە.

هەروەها لە رووی کارەوە خەمی ئەوە مەخۆ بڵێت فریای ئەو کارە گەورانە ناکەوم کە خێریان زۆر زۆرە، وەك ئەوەی بڵێیت دە ساڵ نوێژم لەدەست چووە، یان بڵێیت سامانی کەمم هەیە و ناتوانم خێری زۆر بکەم، یان بڵێیت جەستەم فەوتاوەو ناتوانم بەکاری بهێنم لە خێردا، مەگەر نەتبیستووە کەس هەبووە لەسەر پێدانی ئاو بە سەگێك چووەتە بەهەشت، کەس هەبووە چاکەی زۆر کەم بووە بەڵام لەبەر ترسی زۆری لە خوا چوەتە بەهەشت، مەگەر نەتبیستووە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمویت(اتقوا النار و لو بشق تمرة)،[1] (خۆتان لە دۆزەخ بپارێزن با بە لەتە خورمایەکیش بێت)، هەروەها

[1] – صحيح البخاري، الرقم ١٣٦٢، صحيح مسلم، الرقم ١٧٥٠، صحيح ابن خزيمة، الرقم ٢٢٥٨، صحيح ابن حبان، الرقم ٤٧٤.

فەرمووی (ئەگەر لەتە خورمایەکیشتان شك نەبرد ئەوا بە وتەیەکی پاك و جوان خۆتان لە دۆزەخ بپارێزن)، (فإن لم تجدوا فبكلمة طيبة)،[1] دەی ئیتر نیەتت پوخت بێت بۆ خوا ئەوەی بۆت دەکرێت بیکە و خەمی فەوتانی ڕابردوو مەخۆ.

بەڵێ، نیەتی خۆت پوخت بکەرەوەو لێ بنەوەو بزانە دەتوانیت بە کەمترین کات بەهەشتی خوا بکڕیت، بۆ ئەمەش هەوڵ بدە ئەم هەنگاوانە بگرەبەر تا بتوانیت لە کەمترین کاتدا زۆرترین خێرو چاکەت دەستبکەوێت:

١- نیەتت تەواو بۆ خوا پوخت بکەرەوە، چونکە خوا تەنها کارێك وەردەگرێت کە پاك و پوخت بۆ خوا بێت، نیەتی پاکیش بەرەکەت دەخاتە کارو گوفتارەوە، زۆرن ئەوانەی بەهۆی

[1] – سنن الدارمي، الرقم ١٦٥٩، صحيح ابن حبان، الرقم ٤٧٤، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٢٣٠٥، صححه الألباني في صحيح وضعيف الجامع الصغير، الرقم ٢٢٤٢.

نیەتیانەوەماڵوێران دەبن وەك پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێداوە یەکەم دەستەی ئەوانەی لە ڕۆژی دواییدا دادگایی دەکرێن سێ دەستەی چاکەکاران بوون کە نیازیان بۆ خوا نەبووەو دەبرێن بۆ دۆزەخ، یەکێکیان کەسی قورئان خوێن و یەکێکیان ئەوەی لە مەیدانی جیهاددا خوێنی رژاوەو ئەوی تریان ئەوەی کە سامانی زۆری بەخشیوە، بەڵام هەرسێیان دەبرێن بۆ دۆزەخ لەبەرئەوەی کە نیەتیان بۆ خوا نەبووەو دەستخۆشی و پیاهەڵدانی خەڵکیان مەبەست بووە.[١]

٢- بە جوانی فەرزەکان بەجێبگەیەنە، چونکە چاکترین ڕێی نزیکبوونەوە لە خوا و گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا بە فەرزەکان

---

١ – صحيح مسلم، الرقم ٣٦١٨، سنن الترمذي، الرقم ٢٣٦٢، صحيح ابن خزيمة، الرقم ٢٣١١، صحيح ابن حبان، الرقم ٤٠٩، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٤٢١٢.

دەبێت، نەك بە خوودانە سوننەتەكان و كەمتەرخەم بوون لە فەرزەكاندا، ئینجا خۆپاراستنی تەواوت لە خراپەكان، ئینجا خوودانە سوننەتەكان و خۆپاراستن لە مەكرووهەكان.

٣- هەوڵ بدە بنەویتە ئەو هۆكارانەی كە مایەی بەردەوامی چاكەن بۆ مرۆڤ پاش مردنیشی، ئەویش وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا(ﷺ) دیاری كراوە(سامانێك كە لە پڕۆژەی خێریدا بەكارهاتبێت، منداڵێكی چاك كە دوای مەرگی دایك و باوكی نزای خێر بكات بۆ دایك و باوكی، زانستێك كە دوای خۆت جێی بهێڵیت)، (إذا مات الإنسان انقطع عنه عمله إلا من ثلاثة: إلا من صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له)،[١] ئیتر

[١] – صحيح مسلم، الرقم ٣١٦٩، صحيح ابن حبان، الرقم ٣٠٧٠، سنن الدارمي، الرقم ٥٨٢، سنن أبي داود، الرقم ٢٥٠٩، سنن الترمذي، الرقم

ئەو دەرگایەی کە وەستێنەری کارو چاکەکاریە بۆ مرۆڤەکان بەڕووتدا داناخرێت، چونکە مردن دەرگای کارو چاکەکردن بەڕووی هەموو کەسێکدا دادەخات تەنها بەڕووی ئەو کەسانەدا نەبێت کە یەکێك لەو سێ هۆکارەی بەردەوامی خێر بۆ چوونیان هەیە.

٤- بیرت بێت تەنها بە ژیانت لە حەلاڵدا و خۆدوورگرتنت لە حەرام تۆ بەردەوام لە خێردایت، ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت(عجبا لأمر المؤمن إن أمره كله خير وليس ذاك لأحد إلا للمؤمن ، إن أصابته سراء شكر فكان خيرا له، وإن أصابته ضراء صبر فكان خيرا له)،[1] (باری باوەڕدار زۆر سەرسوڕهێنەرە،

---

١٣٣٤، السنن الكبى للنسائي، الرقم ٦٢٨٠، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١١٨١٧، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٨٦٤١.

[1] – صحيح مسلم، الرقم ٥٤٢٨، صحيح ابن حبان، الرقم ٢٩٤٨، السنن الكبرى لبيهقي، الرقم ٦١٦٧، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٨٥٤٥، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم ٣٩٣٩.

هەموو باری خێرو چاكەیە و ئەمەش تەنها بۆباوەڕدار وایە، ئەگەر لە خۆشیدا بوو و شوكرانەبژێر بوو ئەوە خێرە بۆی، ئەگەریش تووشی ناڕەحەتیەك بوو و خۆڕاگربوو ئەوە خێرە بۆی).

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی بەوە داوە تەنها پاراستنی خراپەت لە خەڵكی كاری چاكەو خێرە، وەك ئەبووزەڕ ڕەزای خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە دەڵێت كەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چ كارێك چاكترینە؟ فەرمووی باوەڕبوون بە خوا و جیهادی ڕێی خوا، وتی ئەی كام جۆرە كۆیلە ئازادكردنە چاكترینە؟ فەرمووی گرانبەهاترین كۆیلە و ئەوەی لای خاوەنەكەی زۆر بەبەهایە،... وتی ئەی ئەگەر ئەوەم پێ نەكرا، فەرمووی(تدع الناس من الشر فإنها صدقه تصدق بها على نفسك)، (خەڵكی لە خراپە دوور

بگریت کە ئەوەش چاکەیەکە بۆ نەفسی خۆت دەیکەیت)،[1] لە گێڕانەوەی تردا بە ڕوونتر هاتووە (خراپەی خۆت لەخەڵکی دوور بگریت).[2]

دەی باشە ئایا ئەمە هێندە سەختە بتوانیت کاری وا نەکەیت، ئاخۆ هێندە بەسە دووربیت لەڕووپامایی بزانیت کە پەرستش تەنها پاداشتی لای خوایەو ئەوەی خەڵکی لەئاست پەرستشدا هەیانە بۆت تەنها دەستخۆشیە، جا دەستخۆشی چیت پێدەکات؟ ئەی ئایا ئەوانەی بەشانو باڵتدا هەڵدەدەن هیچ بەڵگەیەکیان پێیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا تەنها بتوانن شەفاعەتێکیشت بۆ بکەن؟

---

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٢٤٠٢.

[2] – مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٢٠٨٩٦، مستخرج أبي عوانة، الرقم ١٤٢.

بەدڵنیاییەوە نەخەیر، دەی سامانی پەرستشت بە هانەهانێی خەڵك و نەفست گڕ تێبەرمەدە.

قسەجوانی و ڕووخۆشی چ زیانێکی هەیە جگە لە خۆشەویست بوون لای خوا و ڕێزدار بوون لە کۆمەڵگەدا، ئەگەریش لە ناو خەڵکێکدایت کە پاکی و چاکی تیایاندا عەیبەیە، جا توخوا لە هەر کۆڕێکدا ڕێز لە گەورەترین و بەدەسەڵاتترینیان ناگیرێت؟ دەی گەورەترین و بەدەسەڵاتترینی هەموان خوایە، بۆیە لات شانازی بێت لە کۆڕی شێتاندا دەست ناخەیتە چڵکەوە نەك پێت بێبەشی بێت لەو دەست خستنە ناو ئەو چڵك و پیسیەوە.

ئەگەر بڕیارت داوە نەگەڕێیتەوە سەر ڕابوردووت ئەوا پێت دەڵێم هیچ خەمی ڕابوردووت مەخۆ و دڵنیابە تەوبەکەت پاکی

کردویتەتەوە، گوێ بگرە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چیت پێ دەفەرموێت:

(أما علمت أن الإسلام يهدم ما كان قبله).[1]

(ئایا نەتزانیوە ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوەو نایهێڵێت).

١ – صحيح مسلم، الرقم ١٩٨، صحيح ابن خزيمة، الرقم ٢٣٤١، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٦٩١٧.

# ڕێی خوا چیت پێدەبەخشێت

بەڵێ، ئازیزی تەوبەکار، مافی خۆتە بزانیت ڕێی بەرەوخوا چوون جیاوازی چیە لە ڕێگەکانی تر، بزانیت ڕێی ڕاستی شوێنکەوتنی خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) چیت پێ دەبەخشێت، بەدڵنیاییشەوە بە تەنها تەوبەیەك ئەم شتانەت دەست ناکەوێت تا ئەو کاتەی ئیمانی خۆت توندوتۆڵ و قایموقۆڵ دەکەیت، بۆیە کاتێك ئیمانت قایموقۆڵ دەکەیت ئەم تایبەتمەندیانەت دەست دەکەوێت کە خوای گەورە بە باوەڕدارانی دەبەخشێت:

یەکەم: پشت بەستن بە خوای گەورە:

خوای گەورە دەبێتە پشت و پەنات، ئیتر بۆ هەر کێشەو ناڕەحەتییەك لە بری پەنابردنە بەر سەدان ناکەس و کەسانی جۆربەجۆر هاواری خۆت دەبەیتە لای خوای گەورە و پشتی پێ

دەبەستیت، خۆ ئەمەش هەروا نیە و گرێیەکی دەروونی بێت و بەس، نا، بەڵکو گوێ بگرە خوای گەورە چی دەفەرموێت:

(وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ فَإِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)[1]

هەرکەس پشت بە خوا ببەستێت ئەوا خوای گەورە بەتواناو دانایە.

واتە هەم توانای هەیە ئەوەی پێویست بێت بیکات، هەم داناشە بەوەی باشترین شت چیە، بۆیە باشترین هەڵدەبژێرێت بۆ بەندەکەی و توانای هێنانەدیشی هەیە بۆی.

(وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ)[2]

هەرکەس پشت ببەستێت بە خوا ئەوە بەسیەتی.

واتە ئیتر ئەوەی بەسە و نەیفەرمووە ئەوە باشە، بەڵکو فەرموویەتی ئەوەی بەسە.

---

[1] – الأنفال: ٤٩.

[2] – الطلاق: ٥.

(وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلا)[١]

پشت ببەستە بە خوا و خواش بەسە وەکیل بێت.

(وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلاً)[٢]

چی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هی خوایەو خواش بەسە وەکیل بێت.

(وَلا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ وَدَعْ أَذَاهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلا)[٣]

گوێڕایەڵی بێباوەڕان و دووڕوان مەبە و واز لە زیان و ئازاریان بهێنەو پشت بە خوا ببەستە و خواش بەسە وەکیل بێت.

بەڵام پشت بەستن بە خوا جیا بکەرەوە لە پشتوێن لێکردنەوەو پاڵدانەوە، بەڵکو پشت بەستن بەخوا ئەوەیە پشت ببەستیت بەخوا و

---

[١] – النساء: ٨١.

[٢] – النساء: ١٣٢.

[٣] – الأحزاب: ٤٨.

پاش ئەوە بەپێی فەرمانو ڕێنمایی خوا هەوڵ بدەیت، ئیتر ئەنجامەکەی بدەرە دەست خوا.

کابرایەك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی ئایا وشترەکەم بەربدەم و پشت ببەستم بە خوا؟ فەرمووی(اعقلها و توكل)،[1] (بیبەستەرەوە ئینجا پشت ببەستە بە خوا).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ئەنەس دەڵێت کابرایەك هات و وتی ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا وشترەکەم ببەستمەوەو پشت ببەستم بە خوا یان بەری بدەم و پشت ببەستم بە خوا؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(بیبەستەرەوەو پشت ببەستە بە خوا).[2]

ڕۆژێك عومەری کوڕی خەتاب دای بەلای خەڵکێکدا دانیشتبوون و ئیشیان نەدەکرد، وتی ئێوە چین؟ وتیان ئێمە ئەوانەین کە پشتمان بە خوا بەستووە، عومەریش ڕەزای خوای لێ

---

[1] – صحيح ابن حبان، الرقم ٧٣١، قال شعيب الأرناؤوط حديث حسن.

[2] – سنن الترمذي، الرقم ٢٥٠١، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٢٥١٧.

بێت وتی بەڵكو ئێوە ئەوانەن كە پاڵتان لێداوەتەوە نەك ئەوانە بن كە پشتتان بەستووە بە خوا، پێتان بڵێم كامانەن پشت بەستووان بە خوا؟ كابرایەك تۆو لە زەویدا دەچێنێت، ئینجا پشت دەبەستێت بە خوا.[1]

دووەم: ڕاستەوخۆ لە خوا دەپاڕێیتەوە:

پێویست ناكات خەم بخۆیت كێ هاوار و ناڵەت بگەیەنێتە لای خوا، هیچ نێوەندێك لەنێوان تۆ و خوادا نیە، ڕاستەوخۆ چیت دەوێت داوای بكە خوای گەورە لێت وەردەگرێت، گوێ بگرە پەیامی خوا چیە بۆت:

(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ)،[2](ئەگەر

[1] – شعب الإيمان للبيهقي، الرقم ١٢٠٨.

[2] – البقرة: ١٨٦.

بەندەکانم سەبارەت بە من پرسیاریان لێکردیت ئەوا من نزیکم و وەڵامی نزای نزاکار دەدەمەوە ئەگەر داوام لێ بکات، دەی با بێن بەدەم بانگەوازمەوەو باوەڕیشم پێ بهێنن بەڵکو تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بن).

تەنانەت لەو درەنگە شەوانەی کە هەموان دەخەون و لێت بێئاگان خوای گەورە لە هەموان لێت نزیکترەو گوێت لێ دەگرێت، گوێ بگرە بزانە پێغەمبەر(ﷺ) چی دەفەرموێت:

(إذا مضى شطر الليل أو ثلثاه، ينزل الله تبارك وتعالى إلى السماء الدنيا، فيقول هل من سائل يعطى؟ هل من داع يستجاب له؟ هل من مستغفر يغفر له؟ حتى ينفجر الصبح).[١]

---

[١] – صحيح مسلم، الرقم ١٣٠٣، صحيح ابن حبان، الرقم ٩٢٢، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٩٩٣٤.

(کاتێك نیوەی شەو یان دوو لە سێی شەو دەڕوات خوای گەورە دادەبەزێتە ئاسمانی دنیا و دەفەرموێت هیچ داواکارێك هەیە تا پێی ببەخشرێت؟ ئایا هیچ نزاکارێك هەیە تا وەڵامی بدرێتەوە؟ ئایا کەس هەیە داوای لێخۆشبوون بکات تا لێخۆشبوونی پێ ببەخشرێت؟ ئەوەش بەردەوامە تا بەیانی دەبێتەوە).

ئیتر پێویست بەوە ناکات بۆ گەیاندنی دەنگ و نزات بۆ لای خوا بچیتە لای قەشەیەك یان راهیبێك یان شێخێك یان گۆڕ و مەزارگەیەك یان ئاخوندێك یان مەلایەك یان هەرکەسێکی تر، هەرکات و لە هەر کوێ بیت خوای گەورە گوێت لێ دەگرێت.

سێیەم: ژیانت یەکپارچە دەبێتە چاکە:

لاوی ئازیزی تەوبەکار، دایکی خۆشەویستی تەوبەکار، مامی ڕیش سپی کە گەڕاویتەوە بۆ لای خوا، گوێ لەم موژدە ناوازەی

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بگرەو بزانە خوای گەورە چی پێ بەخشیویت:

(عجبا لأمر المؤمن إن أمره كله خير وليس ذاك لأحد إلا للمؤمن ، إن أصابته سراء شكر فكان خيرا له، وإن أصابته ضراء صبر فكان خيرا له)،[1] (باری باوەڕدار زۆر سەرسوڕهێنەرە، هەموو باری خێرو چاکەیە و ئەمەش تەنها بۆباوەڕدار وایە، ئەگەر لە خۆشیدا بوو و شوکرانەبژێر بوو ئەوە خێرە بۆی، ئەگەریش تووشی ناڕەحەتیەك بوو و خۆڕاگربوو ئەوە خێرە بۆی).

بۆیە دەبێت چەندە سوپاسی خوا بکەیت کە بەو تەوبە کردنەت ژیانێکی پێ بەخشیویت ئەگەر لە خۆشی و بەختەوەری و بەخششدا

[1] – صحيح مسلم، الرقم ٥٤٢٨، صحيح ابن حبان، الرقم ٢٩٤٨، السنن الكبرى لبيهقي، الرقم ٦١٦٧، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٨٥٤٥، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم ٣٩٣٩.

ژیایت سوپاسی خوا بکە ئیتر بەردەوام چاکەت بۆ دەنووسرێت، ئەگەریش لە ناخۆشی و ناڕەحەتی و تاقیکردنەوەدا بوویت و خۆڕاگر بوویت و ناشوکریت نەنواند خێرو چاکەت بۆ دەنووسرێت.

چوارەم: خوا تاوانەکانیشت دەسڕێتەوە:

هەموو کەس لە ژیاندا تووشی هەڵەو تاوان دەبێت، بەڵام چاکترین ئەو کەسانە ئەوانەن کە تەوبە دەکەن، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت(كل بني آدم خطاء و خير الخطائين التوابون)،[١] (هەموو ئادەمیزاد هەڵە دەکەن، چاکترینی تاوانکارانیش ئەوانەن کە تەوبە دەکەن).

[١] – سنن ابن ماجة، الرقم ٤٢٤٨، سنن الترمذي، الرقم ٢٤٨٣، سنن الدارمي، الرقم ٢٦٨٠، المستدرك على الصحيحين، الرقم ٧٦٨٥، مسند احمد بن حنبل، الرقم ١٢٧٩٥، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم ٢٨٥٢، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم ٤٢٥١،

دەی دڵخۆشی بۆ تۆ ئەی بەندەی موسڵمان کە هەرکات زانیت دڵت بە تاوان پیس بووە، خەوشی تاوان نیشتوەتە سەر دڵ و دەرونت، بگەڕێرەوە بۆ لای خواو تەوبە بکە ئیتر خوای گەورە لێت خۆش دەبێت وەك خۆی دەفەرموێت(قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً)،[١] (بڵێ ئەی ئەو بەندانەم کە لە ستەم کردن لە خۆیان زیادەڕەویان کردووە بێهیوا مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت).

بڕوانە بەو ئازارانەش کە دێنە ڕێت دووبارە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت، بزانە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چی دەفەرموێت:

(ما يصيب المسلم من نصب ولا وصب ولا هم ولا حزن ولا أذى ولا غم حتى الشوكة يشاكها إلا كفر الله بها من خطاياه)،[٢]

---

[١] – الزمر: ٥٣.

[٢] – صحيح البخاري، الرقم ٥٣٢٥ و اللفظ له، سنن الترمذي، صحيح مسلم، الرقم ٤٧٧٥، الرقم ٩٢٥، صحيح ابن حبان، الرقم ٢٩٥٧، السنن الكبرى

(هەرئازار و نارِەحەتیەکی کاتی و بەردەوام و خەفەت و پەژارەو ئازار و خەمێك تووشی موسڵمان دەبێت تەنانەت درِكێك كە بە لەشیدا دەچەقێت لەبەرامبەردا خوای گەورە بەوە لە تاوانەكانی دەسرِێتەوە).

هەروەها جارێكی تر ئەم فەرموودە قودسیە بخوێنەرەوەو چێژ لەو دڵخۆشیە ببینە:

(قال الله تبارك وتعالى يا ابن آدم إنك ما دعوتني ورجوتني غفرت لك على ما كان فيك ولا أبالي، يا ابن آدم لو بلغت ذنوبك عنان السماء ثم استغفرتني غفرت لك ولا أبالي، يا ابن آدم إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا لأتيتك بقرابها مغفرة)،[1] (خوا دەفەرموێت ئەی ئادەمیزاد تا تۆ

---

للبيهقي، الرقم ٦١٥٠، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١١٢١٦، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم ١٢٠٢.

١ – سنن الترمذي، الرقم ٣٥٤٧، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم ٤٤٠٠، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٣٥٤٠.

داوام لىَ بکەیت و لیَم بپاڕێیتەوە لەو تاوانانەت خۆش دەبم کە تیایدایت و باکیشم نیە، ئەی ئادەمیزاد ئەگەر تاوانەکانت بگەنە کەشکەلاَنی ئاسمان دواتر داوای لێخۆشبوونم لىَ بکەیت لیَت خۆش دەبم و باکیشم نیە، ئەی ئادەمیزاد ئەگەر هێندەی هەموو دنیا تاوانت هەبێت و بێیتەوە لام و پێم بگەیتەوە و هیچ هاوەڵێکت بۆ دانەنابم ئەوا هێندەی هەموو دنیا لیَخۆشبوونت پىَ دەبەخشم).

پێنجەم: بەندەکانی خواو فریشتەکانی خواش دەبنە خۆشەویستت.

دەزانیت بە باوەڕهێنانی تەواوەتیت بە خوای گەورە دەبیتە یەکێك لە ئوممەتی موسڵمانان، واتە دەبیتە برایەك لەناو دەستەی برایانی موسڵماندا، ئەو برایەتیەی کە خوای گەورە دایناوەو بەو پێیە هەموو باوەڕدارێکی ئەم سەرزەویە ئەوەی لە دنیایەو ئەوەشی لە دنیا دەرچووە برای یەکدین، خوای گەورە دەفەرمویێت(إنما المؤمنون إخوە)، هەروەها خوای گەورە هەموو موسڵمانان فێر

دەكات نزا بكەن بۆ يەكدی وەك چۆن ئەم نزايەی فێری موسڵمانان كردووە(وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْأِيمَانِ وَلا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلّاً لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ).[1]

هەروەها فريشتەكانيش دەبنە خۆشەويستت و لای پەروەردگاريش نزای خێرت بۆ دەكەن، خوا دەفەرموێت(هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيماً).[2]

شەشەم: بەهەشت چاوەڕێتە.

هاوكات پاش ئەو حەسانەوە كاتييەی كە خوای گەورە بە مرۆڤی دەبەخشێت لەسەر زەويدا، هێشتا شوێنی حەسانەوەی

---

[1] – الحشر: ١٠.

[2] – الأحزاب: ٤٣.

یەکجارەکی و مەنزڵی کۆتایی بەختەوەری ماوە کە بریتیە لە بەهەشتی خوا، بەهەشتێك کە کۆتایی نیەو هەمیشەیی و نەبڕاوەیە، هیچ خەفەت و ترسێکی تێدا نیە، چیت بوێت تیایدا داوای بکەیت خوای گەورە پێت دەبەخشێت، لە هەموویشی خۆشتر و ناوازەتر خوای پەروەردگارت دەبینیت.

بۆ وردەکاری زانینی خۆشی و تایبەتمەندیەکانی بەهەشت پێشنیاز دەکەم کتێبی (بەهەشت لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا) بخوێنیتەوە کە مامۆستا موحەممەد مەلا فائیق شارەزووری نوسیویەتی.

ئەمانەی کە باسمان کرد چەند بەخششێکی ئیسلام و ژیانی ڕاستەقینەی بۆ خوا ژیان بوون، ئەگەرنا بە دەیان و سەدان بەخششی تریش لەخۆدەگرێت، بەڵام ئێمە بە نموونە چەند وێنەیەکمان خستوونەتەڕوو.

# دەخیل سەد دەخیل... وریای نیەتەکەت بە

ئەی خۆشەویستی تەوبەکار، دەخیل سەد دەخیل وریای تەوبەکەت بیت نەفەوتێت، وریابە نەچێت بەبادا و هیچت بۆ نەمێنێتەوە، دەڵێیت چۆن؟ زۆر ئاسان دەفەوتێت ئەگەر وریای نەبیت، تەنها ئەوەندە بەسە نیەتەکەت بگۆڕدرێت و بۆ خوا نەبێت، یان بۆ خوا بێت و بەشی تری تێکەڵ بێت، ئیتر ئەو ئاوەی هێناوتە بیکەیت بە ئاگری ماڵ سووتێنەرتدا دەبێتە بەنزین و کلّپەی زیاتر دەدات بە ئاگرەکە.

مەگەر فەرمایشتی خوات نەبیستووە بۆ ئەوانەی کە نوێژ دەکەن دفەرموێت(فویل للمصلین)(وەیل و دۆزەخ بۆ نوێژکەران)، ئەمە جێی سەرسوڕمان نیە؟!! بەڵام چ نوێژکەرانێك، (الذین هم یراءون)، (ئەوانەی لە نوێژەکەیانداڕووپامایی دەکەن).

بۆیە ئەزیزەكەم بزانە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمویێت(إنما الأعمال بالنیات و إنما لكل امريء ما نوى)،[1] كارەكان تەنها بە پێی نیەتەكان دەبن و هەركەس بەپێی نیەتەكەی لێی وەردەگیرێت، جا نەكەیت دەستخۆشی خەڵكی وات لێبكات ئیتر ببیتە كۆیلەی دەرونت و هەر كارێكی خێرت ویست نیەتێكت ئەوە بێت خەڵكی دەستخۆشیت لێ بكەن، ئەو دەستخۆشیەی خەڵك كە نیەتی پێشوەختەی تۆی لەسەر بووبێت دەبێتە بەنزینێك بۆ ئەو ئاگرەی كە دنیا و قیامەتت دەسووتێنێت.

گوێ بگرە لەم بەسەرهاتەی ئەبووهورەیرە كە فەرموودەیەكی پێغەمبەری خوامان(ﷺ) بۆ دەگێڕێتەوە، ئینجا بزانە دەردی ڕووپامایی چ دەدرێكە كە سوێند بەخوا هەزار دەردی وەك

[1] – صحيح البخاري، الرقم ١، صحيح مسلم، الرقم ٣٦٢١، صحيح ابن خزيمة، الرقم ١٤٣، صحيح ابن حبان، الرقم ٣٨٩، سنن الترمذي، الرقم ١٦١٤، سنن أبي داود، الرقم ١٨٩٥، سنن ابن ماجة، الرقم ٤٢٢٤، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٧٦.

شێرپەنجەی پێدا ناگات، چونکە شێرپەنجە بۆ جەستەی مرۆڤە لە دنیادا و ئەگەر کەسەکە سوپاسگوزاری خوا بێت بەهەشتی پێ دەکرێت، بەڵام ڕووپامایی لەناوبەری دوارۆژی مرۆڤەو بەهەشتی هەتاهەتایی و نەبڕاوەی لێ دەسەنێت و دۆزەخی هەتاهەتایی پێ دەبەخشێت.

جارێك ئەبووهورەیرە خەڵکێکی لە دەور بوو، پیاوێك کە ناوی شوفەی بوو وتی ئەرێ ئەو کەسە کێیە؟ وتیان ئەبووهورەیرەیە، شوفەی دەڵێت منیش لێ نزیك بوومەوە تا لە خزمەتیدا دانیشتم، ئەویش فەرموودەی دەگێڕایەوە بۆ خەڵك، کاتێك بێدەنگ بوو و خەڵکی چواردەوریان چۆڵ کرد، پێم وت داوات لێدەکەم بە حەقی خۆم تا فەرموودەیەکم بۆ بگێڕیتەوە کە لە پێغەمبەرت(ﷺ) بیستووەو بە جوانی وەرتگرتووەو دەیزانیت، ئەبووهورەیرەش وتی باشە، فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووەو باش لێی تێگەیشتووم و دەیزانم، ئینجا باری ئەبوهورەیرە وا تێکچوو خەریك بوو ببورێتەوە، ماوەیەك مایەوە

تا چاك هۆشی هاتەوە، ئینجا وتی فەرموودەیەكت بۆ دەگێڕمەوە كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی و گوێم لیٚ بوو و من و ئەو لەو ماڵەدا بووین و كەسی تر جگە لە من ئەو لەویٚ نەبوو، ئینجا دووبارە باری تێكچوو و وەك نیمچە بورانەوەیەكی بەسەر هات، ماوەیەك وەستا تا چاك هۆشی هاتەوە، ئینجا دەموچاوی خۆی سڕی و وتی فەرموودەیەكت بۆ دەگێڕمەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) كە تەنها من و ئەو لەم ماڵە بووین و لێم بیست، جارێكی تر باری تێكچوو و وەك نیمچە بورانەوەی تووش بوو و ماوەیەكی زۆر وەستا تا چاك هاتەوە هۆشی خۆی، ئینجا فەرموودەكەی بۆ گێڕامەوە،[1] ئەبووهورەیرە وتی لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست كە دەیفەرموو(یەكەم كەس لە ڕۆژی دواییدا دادگایی دەكرێت كەسێكە كە شەهید بووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش

[1] – صحيح ابن حبان، الرقم ٤٠٩، صحيح ابن خزيمة، الرقم ٢٣١١، سنن الترمذي، الرقم ٢٣٦٢، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٢٣٨٢.

بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخشانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت لە پێناو تۆدا جەنگام تا شەهید بووم، خواش دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو جەنگایت تا بوترێت کەسێکی دلێر و نەبەرد بوو، جا ئەوەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێت بەسەر دەموچاودا ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ، هەروەها کەسێك کە زانست فێر بووەو فێری خەڵکی کردووەو قورئانی خوێندووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت زانست فێر بووم و خەڵکم فێری ئەو زانستە کرد و لە پێناو تۆدا قورئانم خوێند، خواش دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو تۆ زانست فێر بوویت تا بوترێت زانایە، قورئانیشت خوێند تا بوترێت قورئان خوێنە، دەی ئەوەش وترا، بۆیە فەرمان دەکرێت لەسەر دەموچاوی ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ،

هەروەها کەسێك کە خوای گەورە سامانی زۆری پێ بەخشیوە و لە هەموو جۆرەکانی سامانی پێ بەخشیوە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخشانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت چی ڕێگەیەکم بینیبێت کە تۆ پێت خۆش بووبێت سامانم بەخشیوە تیایدا لە پێناو تۆدا، خوا دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو واتکرد تا بوترێت ئەو بەخشندە و بەسەخاوەتە، ئەوەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێت و لەسەر دەموچاوی ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ).[1]

پێغەمبەر(ﷺ) باسیماڵوێرانی باری کەسانی ڕیاباز و ڕووپاماکارمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی دواییدا باریان چۆنەو دەفەرموێت(یكشف ربنا عن ساقه، فيسجد له كل مؤمن ومؤمنة، فيبقى كل من كان يسجد في الدنيا رياء وسمعة، فيذهب ليسجد،

---

[1] – صحيح مسلم، الرقم ٣٦١٨.

فيعود ظهره طبقا واحدا)،[1] (لە ڕۆژی دواییدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) قاچی نیشان دەدات، ئیدی چی باوەڕداری نێر و مێ هەیە هەموو کڕنووشی بۆ دەبەن، دەمێنێتەوە هەموو ئەوانەی لە دنیادا لەبەر ڕووپامایی و ناوبانگ کڕنووشیان بردووە، ئەوانە دەڕۆن تا کڕنووش بەرن کەچی پشتیان دەبێتە یەك فەقەرەو ناتوانن کڕنووش بەرن).

خوای گەورە نموونەی ئەو کەسانە دێنێتەوە کە ڕووپامایی دەکەن، بۆیە لەو بارەوە دەفەرموێت(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْداً لا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ)،[2] (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە چاکەکانتان بە منەت

---

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٤٦٣٧، مستخرج أبي عوانة، الرقم ٣٢٢.

[2] – البقرة: ٢٦٤.

کردن و ئازاردان پووچەڵ مەکەنەوە وەك ئەو کەسەی کە بۆ ڕووپامایی خەڵك سامانەکەی دەبەخشێت و بڕوای نیە بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی، نموونەی ئەو وەك نموونەی ئەو بەردە سافە وایە کە خۆڵی لەسەرەو بە دوایدا بارانێکی بەلێزەمە دێت بەسەریدا و هیچی بەسەرەوە ناهێڵێت، بەڵێ ئەو جۆرە کەسانەی ڕووپامایی دەکەن هیچ جۆرە بەهرەیەك لەو بەخششەیان بەدەست ناهێنن، بێگومان خوای گەورە ڕێنموونی دەستەو گرۆی بێباوەڕان ناکات).

بەڵام مەسەلەیەك هەیە ئاگاداری بەو لەڕووپامایی جیای بکەرەوە، چونکە هەموو دەستخۆشیەکی خەڵك: بریتی نیە لەڕووپامایی، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) خۆی فەرموویەتی(ئەوەی سوپاسی بەندەکانی خوا نەکات سوپاسگوزاری خوای نەکردووە)، ئەی ئەوەی ئەو دوو سوپاسە جیا دەکاتەوە چیە.

سوپاس و پیاهەڵدانێك دەبێتە ڕووپامایی بۆ تۆ کە سوپاسەکەی ئەوان تۆ چاوەڕێی سوپاس و دەستخۆشی خەڵك

بووبیت وەك چۆن لە فەرموودەکەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئەگەر کارێکی چاکەت کرد و تەنها لەبەر خوای گەورە کردت و چاوەڕێی دەستخۆشی خەڵك نەبوویت، دواتر خەڵکی سوپاسیان کردیت و دەستخۆشییان لێکردیت ئیتر تۆیش زۆر پێی دڵخۆش بوویت، ئەمەیان نابێتە ڕووپاماییی، وەك لە فەرموودەدا ئاماژەی پێکراوە کە ئەبووزەڕ ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە دەڵێت جارێك پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) و پێی وترا ڕات چیە لەسەر ئەوەی کەسێك کارێکی چاکە دەکات و دواتر خەڵکی دەستخۆشی لێ دەکەن؟ فەرمووی(تلك عاجل بشرى المؤمن)، (ئەوە مژدەی پێشوەختە بۆ باوەڕدار).

لە نموونەی ژیانی پێغەمبەری خوایشدا(ﷺ) نموونەی زۆر هەبووە کە دەستخۆشی کردووە لە کاری چاکەی هاوەڵان، ئەوەش نەبوەتە مایەی ڕووپاماییی بۆ ئەو هاوەڵانە، بەڵکو دڵخۆشیەکی گەورە بووەو وەك ئازیزمان خۆی فەرمووی مژدەی پێشوەختە بووە بۆ باوەڕدار.

## سەرچاوەکانی ئیسلام بزانە

خوشکی تەوبەکار، برای باوەڕدار، بۆ ئەوەی پاش پاککردنەوەی ماڵی دڵت سەرلەنوێ لە ڕێی ترەوە خەوش و چڵك و پیسی نەنیشێتە دڵتەوەو ڕێی ڕاستت لێ ون نەبێت، زۆر پێویستە بزانیت سەرچاوەکانی پەیامی خوا کامانەن، بزانیت لە کوێوە ڕەزامەندی خوا بەدەست دێت، چونکە هەر کارێك لە ئیسلامدا دەکرێت دەبێت دوو مەرجی لەگەڵدا بێت، یەکەم نیازپاکی و دووەمیش ڕاستی کارەکە.

جا بۆ پاککردنەوەی نیازت پێشتر ئاماژەمان پێدا پێویستە هەر کارێك دەکەیت پاك و پوخت تەنها لەبەر خوا بێت ئەگەرنا خوا وەری ناگرێت.

سەبارەت بە مەرجی دووەم واتە هەر کارێك دەیکەیت دەبێت بەو جۆرە بێت کە خوا داوای کردووە، ئەگەرنا با چەندە نیازیشت

پاك بێت بۆ خوا ئەگەر کارەکەت هەڵە بێت و ئەوە نەبێت کە خوا دەیەوێت کارەکەت بە تاوان بەسەرتدا دەشکێتەوە.

جا بۆ ئەوەی بتوانیت بە جوانی هەر کارێك جیابکەیتەوە کە خوا دەیەوێت لەوەی کە خوا نایەوێت ماندووبوونی زۆرت ناوێت، ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێش مردنی خۆی ئەو ترسەی لە دڵتدا نەهێشتووەو چارەسەری بۆ داناویت و دەفەرموێت(ترکت فيکم شيئين لن تضلوا بعدهما کتاب الله و سنتي)، (لەنێو ئێوەدا دوو شتم جێهێشتووە کە ئەگەر دەستیان پێوە بگرن هەرگیزاو هەرگیز گومڕا و ڕێلێشێواو نابن، ئەوانیش بریتین لە کتێبەکەی خوا و سوننەتی خۆم).

بەڵێ چاك بزانە سەرچاوەی هەر زانیاریەك لە ئیسلامدا بریتیە لە قورئان و سوننەت، بۆیە هەتا پێوەرت بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکان قورئان و سوننەت بێت دڵنیابە ڕێت لێ ون نابێت، ئەوەش بەڵێنی پێغەمبەرەکەتە(ﷺ).

هەڵە دەکەیت ئەگەر وابزانیت کەسێکی دیار کە تۆ پێی سەرسامیت سەرچاوەی ڕاستیەکانە لە ئیسلامدا، بەڵکو هەرچیەك لە ئاست ئایەتێك یان فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) وەستا با قسەی زانایەکیش بێت نابێت لێی وەربگریت، چونکە جار هەیە ئەو زانایە کارتێکەرە نەفسیەکان و دەوروبەری خراپ یان دەیان هۆکاری تر کاری تێدەکەن و تووشی زەلیلیەکی دەرونی دەکەن، بەڵام قورئان و سوننەت هەمیشە وەك خۆیان دەمێننەوەو خاترانەیان بۆ هیچ کەس نیە لە ئاست حەق و ڕاستیدا.

ئەمە بەو واتایە نا کە بکەویتە بوێری لە ئاست زانایان و قسەشکاندنیان، بەڵکو بەو واتایەی نەبیتە کۆیلەی بیری کەس و هەر زانیاریەکت وەرگرت بەڵگەیەکی قورئان یان سوننەتی بۆ وەربگریت، ئیتر نەدەبیتە گۆڕپەرست و نەدەبیتە مردوو پەرست و نە دەبیتە پاشا پەرست و...هتد.

ئاخر زۆر داماو هەن بە حیسابی خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ لای خوای گەورە، کەچی دەبنە بەندەی گۆڕەکان و لە مەزارگەو گۆڕەکان دەپاڕێنەوە، جا ئەگەر ئەو کەسە دەست بگرێت بەو دوو سەرچاوەوە(قورئان و سوننەت) خێرا خۆی دەپارێزێت لەو هەڵەیە و تەنها یەك ئایەتی بەسە تا بزانێت ئەمە هەڵەیە، خوا دەفەرموێت(وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ)،[1] (کێ گومڕاترە لەوەی جگە لە خوا دەپاڕێتەوە لەو کەسانەی کە تا ڕۆژی دواییش وەڵامی نادەنەوەو لە نزاکانیشیان بێئاگان).

دەی مردوویەك کە لە دنیا چووە هیچ توانایەکی نیە گوێبیستی هاوار و پاڕانەوەی زیندوویەك بێت، بۆیە بۆ زانینی ڕێی ڕاست بە یەك ئایەتی تر ڕێ ڕاستەکە دەست ئەم کەسە دەکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت(و إذا سألك عبادي عني فإني قريب

---

١ – الأحقاف: ٥.

أجيب دعوة الداع إذا دعان)،[1] (ئەگەر بەندەکانم سەبارەت بە من پرسياريان لێکرديت ئەوا من نزيکم و وەڵامی نزای نزاکار دەدەمەوە ئەگەر داوای لێکردم).

دەی سەيرکە خوشك وبرای تەوبەکار، چەندە مەسەلەکان ڕوون باس کراون؟!! خوای گەورە ئيسلامی بە ناڕوونی و لێڵی نەناردووەو زۆر بە ئاسانی شتەکانی ڕوون کردوەتەوە، وەك خوا سەبارەت بە قورئان دەفەرموێت(تبيانا لكل شيئ)، (ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکە).

خوا حەڵاڵی دياری کردووەو حەراميشی دياری کردووە، هەندێ شت لەو نێوەندەدا دەمێننەوە کە مشتومڕيان لەسەرە ئەوا خۆپاراستن لێيان باشترە، ئەمە فەرموودەی پێغەمبەری خوايە(ﷺ) کە دەفەرموێت(الحلال بين والحرام بين ، وبينهما مشبهات لا يعلمها كثير من الناس، فمن اتقى المشبهات استبرأ

---

١ – البقرة: ١٨٦.

لدینە)،[1] (حەڵاڵ ڕوونەو حەرامیش ڕوونە، لەنێوان ئەو دوانەدا هەندێ لێکچوو و یەکلا دیارنەبوو هەن کە زۆربەی کەس هەن نایانزانن-حەڵاڵ و حەرامیەکەیان جیا ناکەنەوە- جا هەرکەس خۆی بپارێزێت لەوانە ئەوە وریایی و ڕەچاوکردنی بەکارهێناوە بۆ پاڕاستنی ئایینەکەی)، لە ڕیوایەتی تردا هاتووە فەرمووی(ئەوەی خۆی دوروبگرێت لەو لێکچوانە ئەوا زۆر زیاتر خۆی لە حەرام دوورگرتووە).[2]

١ – صحيح البخاري، الرقم ٥٢، صحيح مسلم، الرقم ٣٠٨١، سنن ابن ماجة، الرقم ٣٩٨١، سنن الترمذي، الرقم ١١٦٢.

٢ – مسند احمد بن حنبل، الرقم ١٧٩٨٨.

# هەنگاوەکانی ڕێ بزانە

پاش ئەوەی زانیت سەرچاوەکانی ئیسلام چین تا بە جوانی بزانیت لە کوێوە ڕێنماییەکانی پەروەردگار وەربگریت، ئێستا خاڵێکی تر کە گرنگە بیزانیت ئەوەیە هەنگاوەکانی ڕێ بزانیت، یان با بڵێین قۆناغەکانی سەرکەوتن بەرەو ڕەزامەندی خوای گەورە بزانیت، چونکە بەشی هەرە زۆری موسڵمانانی ئەمڕۆ لەم مەسەلەدا تێکەوتون و نازانن چۆن هەنگاو بنێن، بۆیە زۆرجار دەبینین ماندووبوونێکی زۆر دەچێژن کەچی بەرهەمێکی کەمیان دەست دەکەوێت، ئەمەش تەنها لەبەر نەزانینی هەنگاو و قۆناغەکانی ڕێگەکەیە، ئیتر جاری وا هەیە لەبەر نەزانینەکەیە، جاریش هەیە ئارەزووەکان ڕێی لێ تێکدەدەن.

هەنگاوی یەکەمت بریتیە لەوەی باوەڕی تەواو بهێنیت بە حەقیقەتی ئیسلام و ڕاستیەکانی، واتە پایەکانی ئیمان، ئیتر هیچ

نکووڵیەکت نەبێت لە ڕاستی ئەو پایانەدا، بڕوابوون بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و بە ڕۆژی دوایی و بە قەزاو قەدەر بە خێر و شەڕی.

جا ئەو کەسەی کە بەیانی تا ئێوارە سەرقاڵی نوێژکردن بێت و شەو شەونوێژ بکات و قورئان بخوێنێت و خێر بکات و سەدان چاکەی تر ئەنجام بدات، ئەگەر بۆ نموونە تەنها بڕوای نەبێت بە پێغەمبەرایەتی عیسا پێغەمبەر یان مووسا پێغەمبەر یان پێغەمبەرێکی تر، ئەوە مایەپووچەو ڕێی لێ شێواوەو ئەو ماندووبوونەی خێری نابێت بۆی، یان کەسێك سەدان چاکە بکات و تەنها بڕوای نەبێت بە بوونی فریشتەکانی خوا، ئەمە بەسە تا بەهەشتی لێ حەرام بکات و دۆزەخی بەسەردا فەرز بکات و ئەو کارانەی مایەپووچی بۆ بهێڵنەوە.

بۆیە دەبێت لە هەنگاوی یەکەمدا بە تەواوەتی بیروباوەڕی ئیسلامیت توندو تۆڵ و قایموقۆڵ بکەیت و بەر بگرێت بەو ڕێیانەی دەبنە هۆکاری لەقکردنی ئیمانت.

قۆناغی دووەمت بریتیە لە بەجێگەیاندنی فەرزەکانی خوای گەورە، ئەوانەی کە خوای گەورە بە فەرزی داناون لەسەرت وەك نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەجی ماڵی خوا ئەگەر توانای حەجکردنت هەبوو، هەروەها ئەو فەرزانەی تر کە لە قورئان و سوننەتدا یەکلاکراونەتەوەو واجب بوونیان چەسپاوە، وەك داپۆشینی جەستە، ئیتر بزانە بۆ پیاوان چۆنە و بۆ ژنان چۆنە بەو جۆرەی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دیارییان کردووە.

بۆیە ئەو کەسەی هەڵدەسێت شەونوێژ دەکات تا بەیانی و بۆ بەیانیەکەشی بە ڕۆژو دەبێت، بەڵام نوێژێك لە نوێژە فەرزەکان ناکات ڕێی لێ تێکچووەو بە هەڵەدا چووە، چونکە فەرزەکان باشترین پێناون بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، هەمان شت بۆ ئەو ئافرەتەش دروستە کە فەرمانی خوا بەجێناگەیەنێت لە داپۆشینی جەستەیدا کەچی دەچێت ڕۆژوی سوننەتی دووشەممەو پێنج شەممە دەگرێت، ئێمە ڕێنموونی ناکەین ئەو ڕۆژوانە نەگرێت،

بەڵکو پێی دەڵێین بەرگی شەرعیت بپۆشەو ڕۆژوەکانیش بگرە، چونکە بەرگە شەرعیەکە لەپێشترە تا ئەو ڕۆژوانە.

هەروەها لە بەجێگەیاندنی فەرزەکاندا پێویستە یەکەمجار فەرزە عەینەکان بەجێبگەیەنیت، واتە ئەوانەی کە هەموو کەسێکی موسڵمان لەسەری واجبەو کەس ناتوانێت لە بری کەسی تر بیکات، وەك نوێژە فەرزەکان، دوای ئەوە بنەوێتە فەرزە کیفایەکان، واتە ئەو فەرزانەی کە ئەگەر برێ لە موسڵمانان بیکەن ئەرکەکەی لەسەر موسڵمانانی تر دەکەوێت وەك نوێژکردن لەسەر مردووی موسڵمان.

هەنگاوی سێیەمت بریتیە لە خۆپاراستنت لە قەدەغە کراوەکانی خوای گەورە کە ئەمەو دووەم پێکەوە پەیوەست بە یەکن، واتە ئەو شتانەی کە خوای گەورە حەرامی کردون خۆت دوور بگریت لێیان، بۆیە ئەو کەسەی کە مەی دەخواتەوەو دەڕوات ڕۆژوی سوننەت دەگرێت یان ڕیش دەهێڵێتەوە ئەوە ڕێی لێ تێکچووەو هەنگاوی هەڵەی ناوە، بۆیە کەسێکی مەی نەخۆر کە

ڕۆژوی سوننەت ناگرێت چاکترو ڕاسترە لەو مەیخۆرەی کە ڕۆژوی سوننەت دەگرێت.

هەنگاوی چوارەمت بریتیە لە تاودانە سوننەتەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، لەوەشدا یەکەمجار تاو بدەرە ئەو سوننەتانەی کە موئەککەدەن، واتە ئەوانەی بەردەوام پێغەمبەر(ﷺ) بەجێیگەیاندوون، وەك نوێژە سوننەتەکانی پەیوەست بە نوێژە فەرزەکان، دواتریش تاودانە سوننەتەکانی تری پێغەمبەر(ﷺ).

هەنگاوی پێنجەمیشت بریتیە لە خۆدوورگرتن لە مەکرووهەکان کە ئەمەش دووبارە پەیوەستی خاڵی چوارەمە، واتە خۆت دوور بگرە لەو کارو وتەو کردارانەی کە ئەنجامدانیان دوورەپەرێزییان لێکراوە بەڵام حەرام نەکراون لەسەرت، بەڵام نەکردنیان باشترە بۆت و بە نەکردنیان خێرت دەگات.

بۆیە ئازیزی تەوبەکار ئەگەر بەم شێوازە ڕیزبەندیەکە بزانیت ڕێت لێ ناشێوێت و زیاترین توێشووی خێر کۆدەکەیتەوە بۆ ڕۆژی دواییت، ئەمەش ئاکاری هاوەڵان و موسڵمانانی دوای ئەوانیش بووە، نەبوونی ئەو ڕیزبەندیەش زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە موسڵمان و زۆرجار مایەپووچی تەواوی پێدەبەخشێت.

# بارقورسی بۆ خۆت دروست مەکە

زۆر کەس هەن پاش لەدەستدانی کات یان دەرفەت لەدەستدانێك دەیانەوێت خێرا هەنگاوی زۆر گەورە بنێن و قەرەبووی ئەو لەدەستدانە یان دەرفەت فەوتانە بکەنەوە، ئەمانەش بە گشتی تێدەکەون و زۆریان هەڵەی گەورە دەکەن کە زۆر جار بەرگەی ئەو بارە قورسە ناگرن.

دەبێت مرۆڤ ئاستی توانای خۆی بزانێت و بەپێی توانای خۆی هەنگاو بنێت، ئەگەرنا هەر هەنگاوێك بنێت کە لە توانای خۆیدا نەبێت ئەوە دەبێتە بارگرانی بۆی، دەبینین خوای گەورە دەفەرموێت(لا یکلف الله نفسا إلا وسعها)، خوای گەورە هێندە مرۆڤ رادەسپێرێت کە لە توانایدایە، جا ئەوەی لە توانای مرۆڤ بەدەر بوو ئیتر لەسەری پێویست نیە، هەروەها دەبینین نزایەك کە

خوای گەورە لە قورئاندا هێناویەتی پێغەمبەران و موسڵمانان داوایان کردووە(ربنا ولا تحملنا ما لا طاقة لنا به).

(خوایە ئەرکێکمان مەخەرە سەر کە توانای ئەنجامدانیمان نەبێت).

دەی کاتێك خوای گەورە ئەو ئەرکەی نەخستوەتە سەرت ئیتر بۆچی تۆ ئەرکی سەرشانی خۆت قورس بکەیت، مەگەر نەتبیستووە کە پەیامی پێغەمبەران ئەوە بووە(إن أريد إلا الإصلاح ما استطعت)، (من چەندە لە توانامدا هەبێت ئەوەندە چاکسازیم دەوێت).

دەی بۆیە بەپێی توانای خۆت ڕەچاوی حاڵی خۆت بکە، گوێ لەم بەسەرهاتەی تەمیمی داری بگرە

جارێك کابرایەك هات بۆ لای تەمیمی داری و داوای لێکرد فەرموودەی بۆ بگێڕێتەوە، ئینجا پێی وت چەند جوزئت خوێندووە؟ تەمیم وتی لەوانەیە تۆ لەوانە بیت کە هەموو قورئان بە شەو

دەخوێنێت و دواتر بەیانی كە هەستا دەڵێت ئەمشەو هەموو قورئانم خوێند، دەی سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر شەوێ سێ ڕكات نوێژی سوننەت بكەم لام خۆشەویستترە لەوەی شەوێ هەموو قورئان بخوێنم و بەیانی باسی بكەم بۆ خەڵك، بەوە كابرا تووڕە بوو و وتی بەخوا ئێوە ئەی گرۆی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) هەركامتان لە ژیان ماون هەقە بێدەنگ بن نەك ئەوەش تووڕە بكەن كە پرسیارتان لێ دەكات، كە تەمیم كابرای بینی تووڕە بووە، نەرمی نواند و وتی برازا قسەت بۆ بكەم؟ ئەگەر من باوەڕدارێكی بەهێز بم و تۆیش باوەڕدارێكی لاواز بیت بەهێزی من بدەیت بەسەر لاوازی خۆتدا و بتەوێت وەك من بكەیت ناتوانیت و پەكت دەكەوێت، یان تۆ باوەڕدارێكی بەهێز بیت و من باوەڕدارێكی لاواز بم كاتێك بەهێزی تۆ دەدەم بەسەر لاوازی خۆمدا بەرگەی ناگرم و دەكەوم، بۆیە لە توانای خۆتەوە بنەوە

ئاییندارییەکەت و لە ئاییندارییەتەوە بۆ دەرونت لێنەوە تا بارت لەسەر پەرستشێ ڕاست ڕادەوەستێ کە بەرگەی بگریت.[1]

بارقورس نەکردن لەسەر خۆ داواکارییەکی پەروەردگارە، ئەوەی لە توانایە و مرۆڤ بەرگەی دەگرێت خوای گەورە هێندەی داواکردووە، وەك خوا دەفەرموێت(لا يكلف الله نفسا إلا وسعها)، جا تونای تاکەکان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، هەڵەش لەوەدایە کەسێکی لاواز بیەوێت باری کەسێکی بەهێز لەخۆبگرێت، بۆ نموونە خوای گەورە جیهادی لەسەر گەنجی بە توانا فەرز کردووەو لەسەر پیری لاوازی فەرز نەکردووە، جا چۆن دروستە ئەو پیرە لاوازە جیهاد لەسەر خۆی فەرز بکات لەکاتێکدا خوای گەورە لەسەری فەرز نەکردووە، ئینجا بەڵێنێك بدات بە خوا و دواتر بەرگەی قورسیەکەی نەگرێت و بەڵێنەکەی بەرامبەر بە خوا بشکێنێت، بەوە تاوانێکی ئەنجامداوە کە شکاندنی بەڵێنە لەگەڵ

[1] – سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤٦.

خوا، ئەمە بەو واتایە نا تەمبەڵی بکرێتە بیانووی نەتوانایی و بارلەخۆقورسکردن، بەڵکو هێندەی لە توانای مرۆڤ بێت هێندەی لەسەر فەرزە، خوا ئەوەی داوا نەکردووە کە لە توانای کەسەکە بێت، بۆیە ئەوەی لە توانایەتی خوا داوای دەکات، ئەو ئامۆژگاریەی تەمیمی داریش بۆ ئەو کەسە هەمان ئەو واتای پێ بەخشیوە کە هەوڵ مەدە بڕوانیتە توانای کەسانی تر، خۆت بڕوانە توانای خۆت و بەپێی ئەو توانایە لێ بنەوە، چونکە هەمووان لە تواناادا یەکسان نین، هەروەها گرنگی دان بە تایبەتمەندیش پێویستە، تاکی موسڵمان پێویستە بزانێت توانای ئەو لە چیدا سەرکەوتووە تا گرنگی بەو بوارە بدات، بۆ نموونە هەیە لە مەیدانی زانستیدا بەهێزەو لە مەیدانی ئابوریدا توانای لاوازە، دەی هەڵەیە بیەوێت لە مەیدانی ئابوریدا هەمان ئەرك بگرێتە ئەستۆ کە موسڵمانێکی تر گرتوویەتیە بەر کە لە مەیدانی ئابوریدا توانای بەهێزە.

بۆ نموونە کەسی وا هەیە تازە تەوبەی کردووەو دەیەوێت خێرا بچێتە لووتکە و بگاتە ئاستی خواناسانێك کە چەند قۆناغیان لەوەدا بڕیوە، بۆ نموونە هاوڕێکەی دەبینێت لە مانگێکدا زیاد لە پانزە ڕۆژ ڕۆژوو دەگرێت، شەوانە نزیکەی دوو کاتژمێر بۆ چوار کاتژمێر شەونوێژ دەکات، ڕۆژانە زیاد لە دوو جوزئی قورئان دەخوێنێت،...هتد، ئەمیش هێشتا بنەڕەتەکانی ئیمان بە تەواوەتی ڕەگیان دانەکوتاوە لە دڵیدا و دەیەوێت وەك ئەو بکات و توانای ئەوەشی نیە، نەزرێك لەسەر خۆی دادەنێت تا ماوە هەموو مانگێك دە ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت، دواتر بەرگەی ئەوە ناگرێت و نەزرەکەی دەشکێنێت، بەوەش تاوانبار دەبێت، چونکە شکاندنی بەڵێن لەگەڵ خوادا تاوانباربوونی بەدواوەیە.

یان کەسی وا دەبینیت هێشتا خۆی لە قۆناغی پەروەردەییدایە کەچی دەنەوێتە کاری بانگەواز و دەیان کەس لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە بۆ وانە وتنەوەو بەرگەی ئەو بارەش ناگرێت دەی گوێ بگرە بزانە پێغەمبەر(ﷺ) چۆن فێرمان دەکات(أحب الأعمال إلى

الله أدومها و إن قل)،[1] (خۆشەویستترینی کارەکان لای خوا ئەو کارەیە کە بەردەوام بێت با کەمیش بێت)، بۆیە کە بڕیاری کارێك دەدەیت ڕەچاوی بەردەوامبوونەکەی بکەو بزانە توانات هەیە ئەو بڕیارەت بەردەوامی پێ بدەیت یان نا.

دایکمان عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دەکرد بە هاوەڵان کارێکی پێ ڕادەسپاردن کە لە توانایاندا هەبێت، ئەوانیش –حەزیان دەکرد کاری زیاتریان پێ ڕاسپێرێت- و دەیانوت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە وەك تۆ نین، خوای گەورە لە تاوانی پێشین و پاشینی تۆ خۆش بووە، پێغەمبەریش(ﷺ) تووڕە دەبوو تا تووڕەیی بە دەمو چاویەوە دەبینرا و دەیفەرموو:

---

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٦١٠٨، صحيح مسلم، الرقم ١٣٤٥، صحيح ابن حبان، الرقم ١٥٩٧، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ٤٢٣٧، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٢٤٧٥٠.

(إن أتقاكم و أعلمكم بالله أنا).[1]

(من لە خواترسترین و خواناسترینتانم).

چاوێك ڕادێرە لە بەسەرهاتی ئەم سێ هاوەڵە کە دەیانویست بارێك بدەنە بەر کە بارقورسی بۆ دەکردن، ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت سێ کەس هاتن بۆ لای ماڵی پێغەمبەر(ﷺ)، سەبارەت بە پەرستشی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پرسیاریان کرد، کاتێك پێیان وترا پێغەمبەر(ﷺ) پەرستشی چۆنە ئەوان ئەو پەرستشەیان بە کەم زانی، ئەوان وتیان ئێمە لە کوێ و پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کوێ کە خوا لە تاوانی پێشین و پاشینی خۆش بووە، یەکێکیان بڕیاریدا و وتی من ئیتر قەت شەوانە ناخەوم و شەونوێژ دەکەم، ئەوی تریان وتی ئیتر بەردەوام ڕۆژو دەگرم و هیچ ڕۆژێك بێ ڕۆژو نابم، ئەوی تریشیان وتی منیش کەنار دەگرم لە ژنان و هەرگیز ژن

---

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٢٠.

ناهێنم، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە هات بۆ لایان و فەرمووی(أنتم الذين قلتم كذا وكذا، أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له، لكني أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني)،[1] (ئێوە بوون کە ئاوا و ئاواتان وت؟ دەی سوێند بەخوا من لە هەمووتان لەخواترس تر و بەتەقواترم، هاوکاتیش ڕۆژو دەگرم و ڕۆژویش دەشکێنم، نوێژیش دەکەم و دەشخەوم، ژنیش دێنم، جا هەرکەس لە سوننەتم لا بدات ئەوە لە من نیە).

بۆیە لاوی خوێن گەرمی ئازیز کە تازە توبەی یەکجارەکیت کردووە، مامی ئازیزی بە تەمەن کە گەڕاویتەتەوە بۆ لای خوا، ترست نەبێت لە فەوتانی کاتت و ئەوە نەبێتە هۆکار بۆت تا باری قورس تووشی خۆت بکەیت، هێندەی دەتوانیت کەمتەرخەم مەبە

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٤٧٧٧ و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم ٢٥٦٦، صحيح ابن حبان، الرقم ١٤، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٥١٧٩، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٢٥٦٩، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٣٧٦٢.

لە چاکەکردن و پەرستش و خواناسیدا، بەڵام ئەوەی لە توانات دەرچوو ئیتر زۆر لە خۆت مەکە، کاتێك شەو هەڵدەسیت بۆ شەونوێژ و قورئان خوێندن بەردەوام بە، بەڵام کاتێك خەو زۆری بۆ هێنایت و توانات نەما زۆر لە خۆت مەکەو بخەوە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ڕێنماییەی بەخشیوە بە موسڵمانان.

چاوێك بخشێنەوە بە قورئاندا بزانە خوای گەورە پەیامی چیە بۆ بەندەکان، خوای گەورە ویستی خۆی بۆ بەندەکان نیشان دەدات و دەفەرموێت(يريد الله بكم اليسر و لا يريد بكم العسر)، (خوا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و قورسی و بارگرانی بۆ ئێوە ناوێت.

ئەوەش بزانە ئەمە واتای ئەوە نیە پشتوێنی لێ بکەیتەوەو کەمتەرخەمی بنوێنیت، نا هیچ کات ئەوە داواکراو نەبووە، بەڵکو ئەوەندەی لە تواناتدا هەیە خوا ئەوەندەشی لێ داوا کردوویت، زیاد لە توانات لێ داوا ناکات و ئەوەش لە تواناتدا هەیە خوا لێت داوا دەکات.

# تۆ لە ئوممەتی (إقرأ) یت

ئاه و هەناسەی گەرمم خەریکە جەرگم دەسووتێنێت کاتێك باسی ئوممەتی بخوێنە دەکەم، ئوممەتێك خاوەنی ڕووناکی بێکۆتا و چرای نەکوژاوەیە، کەچی لە دنیایەکی تاریکی وادا کە بەرپێی خۆی نابینێت، ئوممەتێك کە قورئانەکەی(تبیانا لكل شيء) ڕێنموونیە بۆ هەموو شتێك، کەچی تەنانەت نازانێت چۆن ژیانی بباتەسەر، ئوممەتێك کە مێژوویەکی زانستی پرشنگداری هەیە کەچی ئەمڕۆ تەنها کاری بوەتە چاپی دووبارەی کتێبەکانی ڕابردووی، ئیتر ئەوپەڕی حاڵی بەرگری کردنی لەخۆی بووە بە شانازی کردن بە ڕابردوویەوە، ئەویش شانازیەك کە ئارەقەی شەرمی لەگەڵە لەبەر خراپی باری ئەمڕۆی، خوایە مەگەر کێ دەتوانێت فرمێسکی چاوی نەڕژێت لەکاتێکدا باری تاڵی نالەباری ئەمڕۆی ئوممەتی بخوێنە دەبینێت.

خوای گەورە سەرەتای پەیامەکەی خۆی دابەزاند بە (اقرأ باسم ربك الذي خلق...)، ئیدی هەنگاوی یەکەمی بەرەوخوا چوونی بە خوێندن و زانست دانا، بۆ باسی تەنهایی خوا هاودەم بە فریشتەکانی خوا زانایانی کرد بە شایەت(شهد الله أنه لا إله إلأ هو و الملائكة و أولوا العلم قائما بالقسط)، فەزڵی زانای داوە بەسەر نەخوێندەواردا، دەیان ئایەت و فەرموودەی صەحیح هەن کە هاندەری زانست و خوێندەوارین و باسی فەزڵ و گەورەیی زانست و زانایان دەکەن، مێژوویەك کە هەزاران هەزار زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، کەچی ئەمڕۆ نەخوێندەوارانێکی هەڵچووی کاڵفام بووەتە جێگرەوەو میراتگری ئەو کانە زێڕینە.

بۆیە خوشك و برای تەوبەکار، تکام وایە درێژە نەدەیت بە ئەزموونی تاڵی نەخوێندەواری موسڵمانانی ئەمڕۆ، لێرەوەو بەناوی خواوە دەست بکە بە خوێندنەوەی کتێبە بە بەها و پڕ سوودەکان، لەوەشدا وریابە کات بە کتێبی کەمبایەخ یان پڕ هەڵەوە سەرقاڵ نەکەیت، چونکە لەمڕۆدا زۆر کتێب هەن کە بانگەوازی ئەلف بۆ

یائیان تەنها بۆ لادانی کەسە لە ڕاستیەکان، کتێب هەیە یەکپارچە هەڵچوونی بێبنەمایەو کەسێکی هەڵەشەی بێ مەعریفە دروست دەکات، کتێب هەیە نارِوونی لە پەیامیدا هەیە، هەموو ئەمانە ئەگەر وریا نەبیت دەبنە فەوتێنەری کاتت، بۆیە دەبێت وریا بیت لە پێدانی کاتت بە مەیدانی زانستی تا لە کەمترین کاتدا زیاترین زانست وەربگریت.

بڕوانە نموونەیەکی زانایەکی ئەم ئوممەتە چۆن نەویوەتە زانست، ئیبن تەیمیەی زانای موسڵمانی کورد، ئیبن تەیمیە تەمەنی منداڵی تێنەپەڕاندبوو کە ڕۆژێك باوکی بڕیاریدا منداڵەکانی بباتە دەرەوە بۆ گەڕان، بە ئەحمەدی کوڕی وت: وت لەگەڵ براکانت وەرە با کەمێك بحەسێیتەوە، بەلاّم ئیبن تەیمیە حەزی نەکرد، هەرچەندە باوکی پێی وت ئەحمەد داوای کرد نەچێت و بمێنێتەوەو وتی وام پێخۆشە ڕێم پێبدەیت نەیەم، باوکیشی ڕازی بوو و منداڵەکانی تری برد، کاتێك ئێوارە گەڕانەوە باوکی جۆرە لۆمەیەکی کرد کە چ سودێکت بینی نەهاتی، ئەحمەد وتی ئەمڕۆ ئەم کتێبەم

لەبەرکردووە، باوکی بڕوای نەبوو توانیبێتی شتی وا بکـات، بۆیـە کتێبەکـەی لێـوەرگرت و لێـی پرسـیەوە، ئەحمـەد هـەمووی بـە لەبەرکردنەوە بۆ خوێندەوە.[١]

بڕوانە ئیبن قەییم بۆ نووسینی کتێبێکی چۆن ماندوو بووەو بە چ کات و ماندووبوونێك کتێبی شەرحی صەحیحی بوخاری نووسیوە، لە ساڵی ٨٣٣ کۆچیدا شاهروخی کوڕی تەیموور نامەیەکی نارد بۆ سەرکردەی مەملووکیەکان سوڵتان ئەشرەف برسبای، یەکێك لە داواکاریەکانی ئەوەبوو کتێبی فتح الباری بشرح صحیح البخاری بۆ بنێرێ کە ئیمامی ئیبن حەجەر نووسیبووی، ئیبن حەجەریش سێ بەرگی ئەو کتێبەی بۆ نارد چونکە هێشتا هەمووی تەواو نەبووبوو، دواتر لە ساڵی ٨٣٩ هەمان داوای ناردەوەو ئەویش دووبارە بڕێ بەرگی تری بۆ نارد

[١] ابن ناصرالدين: الرد الوافر على من زعم أن ابن تيمية شيخ الاسلام كافر، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٥م)، ص ٥١٠–٥١١.

چونکە هەمووی تەواو نەبووبوو، دواتر لە سەردەمی تاهیر جومقدا نوسخەیەکی تەواو ئامادەکرا و نێردرا بۆی، چونکە نووسینی ئەو کتێبەی لە سالّی ٨١٧ دەست پێکرد و لە سالّی ٨٤٢ دا تەواوی کرد.[١]

واتە تەمەنێکی سەرف کردووە بە نووسینی کتێبێکەوە، بەلاّم نووسینێك کە پاشای ولاّتێك لە ئاست داواکاریەکانی بەرامبەر بە ولاّتێکی تر داوای نوسخەی ئەو کتێبە دەکات، کتێبێك کە کەم زانا دەبینیت داوا لە خوێندکارانیان نەکەن جارێکیش بێت ئەو کتێبە بخوێننەوە.

بۆیە زۆر وریابە کاتت بەفیرۆ مەدەو هۆکارێکی خێری بەردەوام بۆ دوای مردنت دابین بکە کە بریتیە لە زانست وەرگرتن و زانست بەخشین بە دەوروبەرت، بزانە ئەگەر بە نیازێکی پاکەوە زانست

[١] - الشوكاني: البدر الطالع، ج١، ص٨٨ -٨٩.

وەربگریت و بە نیازپاکیش بیبەخشیت دەرگای خێرت بە هەمیشەیی بەڕوودا کراوە دەبێت.

# ئیسلام جیاوازە لە ئایینەکانی تر

بە بەردەوامی پەیامی خوا هەوڵیداوە بازنەی ڕەوایی ئارەزووکانی مرۆڤ بپارێزێ و لەگەڵ ئامانجی ژیانیدا بیانگونجێنێ، دوورگرتن لە زێدەڕەوی یان کەمڕەوی لە گرتنەبەری ئارەزووەکانی ژیاندا ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾هاودەم بەمە کارکردن بۆ ڕۆژی دوایی کە ئەوە ئامانجی بالآیە﴿وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى﴾ واتە ئەو پێناوانەی خۆشی ژیانی دنیا بکرێن بە هۆکارێ بۆ بەدەست هێنانی بەهەشتی ڕۆژی دوایی، بۆ نموونە:

١- پەیامی خوا بۆ تێرکردنی ئارەزووی خواردن زۆربەی خواردن و خواردنەوەکانی حەڵاڵ کردووەو بە فەرزیشی داناوە مرۆڤ نان بخوات و بە پێویستی داناوە چێژ لە ڕۆزی خوا وەربگرێ ﴿كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ ئەمەشی بە چاکەو هەنگاوی چاکەکاری داناوە مادەم نیازی چاکەی هەبێ.

٢- بۆ نەرم و نیانی و ڕاستگۆیی و چاکەی نێوان مرۆڤەکان کە خودی خۆشی ژیانی دنیایان بۆ دێنێتە دی خوا پاداشتی ڕۆژی دوایی داناوە، واتە بەهۆی چوونی کەسێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتێ دووبارە خەڵات دەکرێ، ئایا ئەمە چ ناڕەحەتی و زیانێکی تێدایە با تەنانەت ئەگەر خەڵاتی دووەمیشی تێدا نەبێ (کە لە بوونی خۆمان زیاتر دڵنیاین لە دووەمیان) ئایا تەنها بوونی خەڵاتی یەکەم ئەوە ناهێنێ کەسەکە بڕوات بۆ وەرگرتنی؟

٣- بۆ چێژی جنسی خوا هاوسەرگیری داناوەو ئەنجامدانی کاری جنسی نێوان ژن و مێردیشی بەخێرو چاکە داناوە، بەرهەمی کارەکەشیانی بەرز ڕاگرتووە کە بوونی مندالەو دەیکاتە سەرچاوەی بەردەوامی دەستکەوتنی پاداشت، ئەگەریش بەرهەمی منداڵی نەبێ دیدی گەشبینی و بەڵێنی پاداشتی گەورەیان پێدەدات.

بەگشتی بە مرۆڤەکان دەڵێت چاك بن بۆ یەکدی و ڕێزی یەکدی بگرن و خۆشیەکانی ژیان لەبیر مەکەن و ڕۆژی دوایش لەبەرچاو بگرن.

ئەمە ئەو دێوەزمەی بەرچاوی ناحەزانی پەیامی خوایە کە بەردەوام هەوڵیان داوە بەلاڕێیدا بەرن، بۆ ئیسلامیش هەوڵیانداوەو تا ئێستاش لە هەوڵدان و هەرگیزیش سەرناکەون ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾.

ئایا ڕاستە ئیسلامیش هەروەك پەیامەکانی ترە؟

لە جوولەکایەتیدا ڕەگەزی بالا هەیە (شعب الله المختار) ئەمانە خوای تایبەت و جیا لە خەڵکیان هەیە (یەهوا) ژیانی دنیا تاکە ژیانەو مادده پێوەرو بنەماو هەموو شتێکە.

لە مەسیحیەتدا: سێ خوایی هەیە، جەستە هیچەو دەبێ سزا بدرێ چونکە جەستە ڕێگری خۆشبەختی گیانە، گیان تاکە ئامانجە، جەستەو گیان پێکەوە نایانکرێ، بۆ مانەوەی یەکێکیان دەبێ ئازاری ئەوی تریان بدەیت، بۆیە ئازاردانی جەستە مەرجە بۆ حەسانەوەی ڕۆح، ژیانی دنیا هیچ نرخێکی نیەو تەنها ژیانی ڕۆژی

دوایی گرنگە، چێژوەرگرتن لە دنیا تاوانە، هەموو مرۆڤێ بە تاوانباری دێتە دنیاو کەسیش ناتوانێ ڕاستەوخۆ خوا بدوێنێ.

لە زەردەشتیدا دوو خوایی هەیە، خوای چاکەو خوای خراپە، خوای چاکە هەر چاکەی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە خوای خراپە ڕازی بکرێ تا خراپەو توندی نەنوێنێ، دواتر مانی هات کە ئامانجی پشت گوێ خستنی ژیانی دنیاو ئازاردانی مرۆڤ بوو، مەزدەکیش ئامانجی ڕەوایی چێژەکان بوو تا مرۆڤ چ چێژێکی دەوێ وەریبگرێ بێ هیچ سنورێ.

لە ئایینە هیندیەکانیشدا کەسێ دەبڕێتە ئاستی خواو پەرستنی بتەکان شانازیە چونکە دارو تەختە پەرستن ڕێی گەیشتنە بە تاکە خوا، زۆرجار بوون و نەبوونی ڕۆژی دوایی دەکرێ بە دارێکی دەستو کەی بیانەوێ ڕۆژی دوایی هەیە، کەی بیانەوێ حاشا دەکەن لە بوونی.

بەگشتی ئەوە پەیامی ئەو ئایینانە بووە، بەڵام بڕوانە بۆ چەند ڕێنماییەکی پەیامی ئیسلام:

١- خوا تاك و تەنهایەو هەموو شتێ بەدەست خوایەو هەموو شتێ دروستکراوی خوایە.

٢- شەیتان لایەنی خراپەی گرتووەو دروستکراوی خوایەو دەسەڵاتی نیەو فێڵ و پیلانی لاوازە.

٣- مرۆڤ دروستکراوی ڕێزداری خوایەو هەمیشە خوا لەگەڵێدایەو ئاگاداریەتی، فێڵی شەیتان بەرامبەری لاوازەو مرۆڤ دەتوانێ زاڵ بێ بەسەر خراپەداو خواش لەوەدا پشت و پەنایەتی.

٤- ژیانی دنیاو ڕۆژی دواییش هەیە، خۆشیەکانی ژیانی دنیا ڕەوان لە سنوری خواییداو پشت کردنە دنیا حەرامەو دنیاپەرستیش حەرامە، بخۆ، بەڵام زۆر مەخۆو پیس مەخۆ، خۆش بخۆ. خوا پێی خۆشە شوێنەواری بەخششی خۆی بەسەر مرۆڤەوە ببینێ، خۆش و پاك بخۆ، جوان بپۆشە، جوان ببینە، جوان وەربگرە، ڕۆح و

جەستەت پاك و خاوێن ڕاگرە ﴿إِنَّ اللّـهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾.

٥- پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ ڕاستەوخۆیەو هیچ نێوەندیّ نیە، قورئان و سوننەت تاکە سەرچاوەو دڵ و بینایی وبیستن پێناوی وەرگرتنی سەرچاوەن، کاری مرۆڤ لە ژیاندا بنیادنان و بەختەوەرییە، دڵخۆشکردنی مرۆڤەکان پێناوی گەیشتنە بە بەهەشت بەڵام نەك لەسەر بنەمای چاوپۆشی لە ڕازیکردنی خوا.

٦- بەدەر لەمانە، هەرچی پەیامی زەمینی و ئاسمانی هەن ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەردەم ڕەوتی زانستیدا وەستاون، بەڵام ئیسلام زانست وەرگرتنی بە فەرز و پێویستی داناوە، زانا بەڕێز سەیر دەکریّ و خوا لە ڕیزی خۆی و فریشتەکاندا زانایان بە شایەت دەگریّ، زانستخواز خۆشەویستی خوایەو بوونی زانست شانازیە و زانست وەرگرتن و بەخشین ڕێی گەیشتنە بە بەهەشت.

دەی هەموو ئایین و ڕەوتەکان لەبەردەم توێژینەوە زانستیەکاندا هەڵەو کەم و کورتییان دەردەکەویّ تەنها ئیسلام نەبیّ کە بەردەوام

ئیعجازی دەردەکـەوێ، بـڕوانن چـی ڕەوت و ئـایین هەیـە لەگـەڵ گۆڕانی زانستدا دەگۆڕێن، تەنها ئیسلام نەبێ کە بـە سـەقامگیری وەستاوەو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێڕەوی زانستی بە توێژینەوەکانی دان دەنێت بە ڕاستیەکانی ئیسلامدا، بۆیە بەدەیان بەرگ نووسینی ئیعجـازی قورئـان و فـەرمـوودە دەبیـنین کـە زۆریـان لەلایـەن ناحـەزانی ئیسلامەوە ئەنجامدراون و دواجار بەو هۆیەوە زۆربـەیان موسـڵمان بوون، کەچی نابینیت بەرگێ یان دوو بەرگ لەسەر ئیعجازی ئـایین یان ڕەوتێکی تر هەبێ، بەڵکو هیچ ئیعجازێکیان نیە.

لەوە زیاتر هەموو ڕەوت و ئایینەکان چوار سەدەیە لە هەموو لاوە لێدەنەون بۆ لێدان و لەناوبردنی ئیسلام، کەچی بەردەوام پێشڕەوی ئیسلام دەبینین، هەموو ئەو هەوڵانەی لاڕێکردنە نەبوونەتە هۆی ئەوەی بچووکترین گۆڕان لە سەرچاوەی ئایینەکەدا هەبێ (قورئان و فەرمووده) قورئانێ کە هەر بە حەق مانەوەی ئیعجازی گەورەیە ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾.

# وریای هاوسەرگیری بە

لاوی ئازیزی تەوبەکار، کیژی شۆخی داپۆشراو، پاش ئەوەی تەوبەت کرد و گەڕایتەوە بۆ لای خوا، پاش ئەوەی شەیتانت بێهیوا کرد، مەهێڵە جارێکی تر شەیتان هیوابەخش بێتەوە، وەرەو گوێ بگرە لە پەیام و ڕێنمایی خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، بۆ ئەوەش هەنگاو بنێ بۆ هاوسەرگیری، چونکە ئەوە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوایەو دەرگای داخرانی فیتنەیەکی گەورەیە بە ڕووتدا و کرانەوەی دەرگای ڕەحمەت و دڵخۆشیە.

لە ئیسلامدا هاوسەرگیری کارێکی دروست و بەڵکو خێر و دواتر ئەرکێکی پێویستی سەرشانی موسڵمانە، بەڵکو ئیسلام هەوڵدەدات سەرەتا بەربەستەکانی بەردەم هاوسەرگیری لاببات، پاشان پاڵ بە پرۆژەی هاوسەرگیریەوە بنێت، دواجاریش ئەو پرۆسەیە بپارێزێت. خوای گەورە لە قورئاندا بە دەربرینی فرمانی

(أنكحـوا)، پێغەمبـەریش (ﷺ) لـە فـەرموودەدا بـە دەربڕینـی فرمـانی (فليتـزوج) قسـە لەسـەر هاوسـەرگیری دەکـەن، واتـە هەردووکیان فرمان بە هاوسەرگیری دەدەن و دەیکەنە ئەرك لەسـەر موسڵمانان.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە(هُوَ الَّـذِي خَلَقَكُم مِّـن نَّفْسٍ وَاحِـدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا).[1]

ئەگەر سەیر بکەین خـوای گـەورە بۆدەرەنجـامی هاوسـەرگیری سوکنایی دێنێت، واتە پێش هاوسەرگیری سوکنایی لای گەنج نیە، گەنج لەپێش هاوسەرگیری لە ڕاڕایی و دوودڵیدا دەژی، دڵودەرونی ناسك دەبێتەوە، هەمیشە لە کڵپە و سـەروخوارکردندایە، سـاتێك کەنارگیر و بێتاقەت، ساتێك بزێو و پڕ جموجووڵ، ساتێك بەئومێد، سـاتێك بێئومێـد، دەمێـك بـەتوانا، دەمێـك دامرکـاوە و

[1] – الأعراف: ١٨٩.

تەمبەڵ...هتد، چونکە پێویستی بە سوکناییە و سوکناییش لە هاوسەرگیریدایە.

هەروەها خوا دەفەرموێت:( وَأَنكِحُوا الأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ)،[1]

لێرەدا خوای گەورە ڕاستەوخۆ فرمان دەکات کە ئافرەتانی شوونەکردوو بەهاوسەربگرن یان پیاوانی بێژن بەوجۆرە نەمێننەوە، واتە ئافرەتان (کچ یان بێوەژن) پیاوانێك کە ژنیان نیە فرمانیان لەسەرە کە دەبێت بەوجۆرە نەمێننەوە، فرمانەکەش بە پلەی یەکەم ئاڕاستەی پیاوان کراوە.

هەوەها لەقورئاندا هاتووە

(وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآياتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)،[1]

---

[1] – النور: ٣٢.

دووباره لێرەدا سوكنایی خاڵی یەكەمی دوای هاوسـەرگیرییە و بەدوای ئەوەشدا سۆز و میهرەبانی دەكەوێتـە نێوانیانـەوە، لێـرەدا كارەكە خوای گەورە دەیكات، واتە خوای گەورە ئەو سۆزە دەخاتـە نێوان ژنومێردەكەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی بۆهەمووان نیشانی بدات كە هاوسەرگیری كـارێكی چـاكوپاكە، ئامـاژە بـەوە دەكـات كـە پێغەمبـەرانیش هاوسەرگیرییان كردووە، وەك دەفەرموێت(وَلَقَـدْ أَرْسَـلْنَا رُسُـلاً مِّـن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً).[٢]

هەروەها ئەگەر سەیری سەرەتای ژیانی مرۆڤ بكـەین، دەبیـنین خوای گەورە ئادەم (علیه السلام) بـە تـەنها ناهێڵێتـەوەو دایكـە حەواش دروستدەكات تا بە مرۆڤایەتی نیشـانبدات كـە ژیـان بـە

---

[١] – الروم: ٢١.

[٢] – الرعد: ٣٨.

هاوسەرگیری دوو ڕەگەزی جیاوازی نێرومێ بەڕێوەدەچێت، ئەگەرنا بوونی ئادەم بەتەنها بەسبوو، یان دوای ئەوەی لە یەکتری دوورخستنەوە، بە یەکتری نەدەگەیاندنەوە.

پێغەمبەری خواش (ﷺ) بەهەمانشێوە لە فەرموودەکانیدا گرنگی بە هاوسەرگیری دەدات و لەوبارەشەوە کتێبەکانی فەرموودە چەندین فەرموودەیان لەخۆگرتووە. لەوانە ئەو فەرموودەی هەریەك لە ئیمامی بوخاری و موسلیم هێناویانە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ( یامعشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فأنه أغض للبصر وأحصن للفرج، ومن لم يستطيع فعليه بالصوم فأنه له وجاء)،[1](ئەی گرۆی گەنجان کامتان توانی با هاوسەرگیری بکات چونکە زۆر پارێزەری چاوە و بۆ

---

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٤٧٧٩، صحيح مسلم، الرقم ٢٥٦٤ واللفظ له، مستخرج أبي عوانة، الرقم ٣٢٣٢، صحيح ابن حبان، الرقم ٤٠٨٨، سنن الترمذي، الرقم ١٠٣٧، سنن أبي داود، الرقم ١٧٦٣، سنن الدارمي، ٢١٣٥.

داوێنیش زۆر پارێزەرە، هەركامیشتان نەیتوانی بـا ڕۆژوو بگرێـت چونكە دەیپارێزێت).

پێویستە پاش بڕیاردانت لەسەر هاوسەرگیری، بە وردی بڕیاری هەڵبژاردنی ئەو كەسە بدەیت كە ببێتە هاوسەرت، دەبێت كەسێكی باوەڕدار بێت تا هاوكار و پشتت بێت بەرەو ڕێی خوا.

ئەی لە هاوسەرگیریدا چیت دەستدەكەوێت:

١- بە جێگەیاندنی فرمانی خوا: پێدەچێت لەم ڕووەوە زۆر گەنج بە بیستنی ئەم قسەیە سەری سووڕ بمێنێت و بڵێت ئەمە چیە هەر شتێك دەبرێتەوە ئەو قاڵبە؟ بەڵام با وردبینانە سەیربكەین، گەنجێكی خاوەن ئارەزوو و هەواداری سەركێشی ئەگەر بەهایەكی بالا نەیگرێتەوە دەبێت بۆچی خۆی لەیەكەمین چێژو ئارەزووی ژیان بگرێتەوە؟ گەنجی موسڵمانیش پێش هەموو شتێك بترسێتو هاوسەرگیری بكات تا خۆی لەهەر كارێكی خراپ بەدووربگرێت، ئەگەرنا وەك ڕۆژئاوا تێكشكاندنی بەها كۆمەڵایەتییەكان زۆر سەخت نیە.

٢-بەدەستهێنانی سوکنایی: مرۆڤ لەپێش هاوسەرگیریدا سوکنایی نیە، بەڵکو پەشێوو ڕاڕاو دوودڵە، بەڵام لەگەڵ هاوسەرگیریدا سوکنایی دێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت (لتسكنوا) واتە ئامانجێکی هاوسەرگیری سوکناییەو بە ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری دێتەدی.ئێمەش دەزانین مرۆڤیش بۆ بەختەوەری و کارا بوونی پێویستی بەسوکنایی هەیە.

٣-پاراستنی ئیمان: پێشتر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)مان ئاماژە پێدا کە موسڵمانان بۆ هاوسەرگیری هاندەدات، چونکە زامنی پاراستنی نیوەی ئیمانە، ئەمە ئامانجێکی چاك و ئەنجامێکی گەورەیە، ئەگەر کەسانێك لەپێناو پاراستنی یان بەدەستهێنانی سامان یان پلەو پایەیەکدا خۆیان لە هاوسەرگیری بەدوور دەگرن، بابزانن بەوکارەیان گەورەترین سەرمایەو زامنی سەرمایەی ڕاستی لەدەستدەدەن کە ئەویش ئیمانە،چونکە ئیمان گەورەترین سامانێکە کە دنیاو ڕۆژی دواییش دەگرێتەوە.

٤- پاراستنی ڕەگەزی مرۆیی: پێغەمبەر(ﷺ) لەداوایەکیدا بۆ ئوممەتەکەی داوا دەکات ئافرەتانێك بهێنن کە منداڵیان ببێت تا ژمارەی ئەندامانی ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) زیادبکات، ئەو کۆمەڵگەی پێکهاتەی هاوسەرگیری تیایدا لاوازە، مەترسی زۆری لەسەر ڕەگەزی مرۆیی هەیە، چونکە مرۆڤەکان بە جووتبوون زیاد دەکەن و ڕێگەی ڕەوایش بۆ ئەوە هاوسەرگیرییە ئەگەر نا ئەو منداڵانەی بە زینا دێنەدنیا، وەلا دەنرێن و سۆزی دایكوباوکیان نابێت.

٥-پاڕاستنی بەها ڕەوشتیەکان: چونکە بەبێ هاوسەرگیری بەها ڕەوشتیەکان دادەڕمێن، بەڵکوو مرۆڤەکان بەها کۆمەلآیەتیەکانی خۆیان لەدەستدەدەن، چاکترین نموونەش ئەزموونی ئەمڕۆی ڕۆژئاوایە.

٦- دووربوون لە نەخۆشی: دیارە گەورەترین پێناوی دەرکەوتنی نەخۆشی ئایدز هەردوو لایەنی کاری جنسی هاوڕەگەزی و کاری زینایە، ئەم دوانەش لەنەبوونی ئاستی بەرزی هاوسەرگیرییەوەن،

چوونکە هیچ کات بەهۆی هاوسەرگیری شەرعیەوە نەخۆشی ئایدز بەرهەم نایەت، مەگەر ئەوەی کەسەکان پێشتر تووش بووبن.

٧- بەدەستهێنانی منداڵ: لەئیسلامدا منداڵ پایەیەکی بەرزی هەیە، بەڵکو منداڵ پێناوێکی گەورەیە تا دایكوباوکی بەرەو بەهەشت ببات، منداڵ پێناوێکی خێر و چاکەیە بۆ دایكوباوك لە پێش مردن و دوای مردنیشیان، یەکێك لەو پێناوانەی کردەوەی چاکی مرۆڤ دوای مردنی دەهێڵنەوە منداڵی صاڵحە، پێغەمبەر (ﷺ) کە باسی ئەوە دەکاتو دەفەرموێت ( ولد صالح يدعو له ). ئەگەریش منداڵەکەی بمرێت دووبارە دەبێتە شەفاعەتکار بۆ دایكوباوکی و لە دۆزەخ دوریاندەخاتەوە وەك لە کتێبەکانی فەرمودەدا چەندین فەرموودەی لەسەر هاتووە.

٨- ماڵ پێکەوەنان: مرۆڤ هەمیشە حەزی بە خاوەندارێتیە، ئەمەش لەدوای هاوسەرگیری زۆر بەهێز دەبێت، ئەو دوو کەسە دەکەونە پێکەوەنانی ماڵ وخانوو دروستکردن، پاشان دەتوانن ئەو

ماڵ و خانووە بكەنە پێگەیەك بۆ كارەكانی خۆیان، وەك:خوێندنگەیەك بۆ وانەوتنەوە، كتێبخانەیەك بۆ خوێندنەوە، لانكەیەك بۆ كەسانێكی بێنەوا، كۆبوونەوەیەك بۆ خزمان یان هاوكاران...هتد.

٩- دەوڵەمەندبوون: گەنجانی ئازیز ئەم قسەیە سادە نیە، ئەمە ئیشكردنە لەسەر بەڵێنێكی خوای گەورە كە دەفەرموێت (إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ)، واتە لەگەڵ گرتنەبەری هاوسەرگیریدا دەوڵەمەندی و دابارینی بەخششی خوای گەورەی بەدوادا دێت.

١٠- پەیداكردنی هاوەڵێكی گشتگیرو بەردەوامە: مرۆڤ پێویستی بە هاورێیەكە تا بتوانێت لە زۆرترین لایەنەكانەوە لەگەڵیدا بێت و سوودی پێبگەیەنێت، ئەمانەتی بپارێزێت، دڵنەوایی بكات، یارمەتی بدات، دڵخۆشی بكات، هۆشیاری

بکاتەوە، خزمەتی بکات...هتد، ئەمەش تەنها بە هاوسەرگیری دەکرێت، چونکە ژنومێرد لەبەرئەوەی خوا سۆز و میهر دەخاتە نێوانیان ئامادەن بۆ یەکتر بتوێنەوە، هەر ئەم ئامادەبوونەو پاشان پێکەوەبوونە بەردەوامەو بوونی بەرژەوەندی هاوبەشیان وادەکات چاکترین هاورێی یەکتر بن.

ئەوەش بزانن کە کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری کارێکی خراپەو ئێمە لێی بەرپرسیارین و هیچ بیانوویەکمان بۆ کەنارگرتن لە هاوسەرگیری نییە، بۆیە تا دەتوانن زووتر و ژیرانەو دڵسۆزانە پێشرەوی بکەن و هەوڵبدەن ئەگەر بەتەنها قسەیەکیش بێت گرفتەکانی بەردەم هاوسەرگیری نەهێڵێن، چ بۆ خۆتان بێت یان بۆ گەنجانی تر.

# نەژیان پەرستی و نە ژیان نەویستی

ئەگەرچی ئەمڕۆ دەبینیت هەر كەسە و هەڵدەسێت زمانی تیژ و قسەی زبری بەرامبەر بە ئیسلام بەكاردەهێنێت و پەیامی خوایی تۆمەتبار دەكات بە هۆكاری پاشكۆیی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوە درۆ گەورەكەی جیهانێكە كە ئامادەیی نەبووە خوێندنەوەیەك بكات بۆ ئەو سەرەباسانەی كە خۆی دایناون و كردونی بە بنەمای نەگۆڕ.

ئەوان رایان وایە ئیسلام كەنارگرتن لە ژیان و دنیانەویستی و زوهدی داناوە بە مەرج و كەسی زۆر خواناس ئەوەیە كە دنیای نەوێت، بۆ ئەوەش بڕێك ئایەت و فەرموودە دێننەوە كە لە ڕاستیدا ئەو ئایەت و فەرموودانە تەنها كۆمەڵێك ڕێنمایین بۆ كەمكردنەوەی تەما و چاوچنۆكی دنیاپەرستی مرۆڤەكان، ئەگەرنا ئیسلام ژیانویستی كردووە بە مەرج و ژیانپەرستیشی حەرام كردووە.

ئەگەر بڕوانینە پەیامی جوولەکایەتی دەبینین هەموو جەخت کردنەوەی لە ژیانی دنیایەو پێی وایە بەهەشتێك کە خوا دایناوە دەبێت هەر لە دنیادا بێتەدی و گرنگی نادات بە لایەنی ڕۆحی، بەرامبەر بەمە مەسیحیەت دەبینین کە پێی وایە ژیانی دنیا چڵکەو دەبێت مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێت و کەنار بگرێت لە ژیان، پێی وایە دەبێت گرنگی بە ڕۆح بدرێت و جەستە پشتگوێ بخرێت، چونکە حەسانەوەی جەستە لەسەر حسابی بێپاکبوونە لە ڕۆح و حەسانەوەی ڕۆحیش لەسەر بنەمای بێپاك بوون و ئازاردانی جەستەیە.

بەڵام ئیسلام هاوسەنگیەکی داناوە لەنێوان هەردوولادا، ژیانی دنیا و ژیانی ڕۆژی دواییش پشتگوێ ناخرێت(وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا).[١]

---

[١] – القصص: ٧٧.

ئیسلام پێی وایە ژیانی دنیا حەسانەوەی کاتیە بۆ مرۆڤەکان، ئامانجی باڵاش ڕۆژی دواییە، بۆیە لە ژیانی دنیادا هاودەم بە حەسانەوە کاتیەکە هەوڵدان بۆ ڕۆژی دواییش بە پێویست دانراوە، بەڵکو هەموو ژیانی مرۆڤ دەبێت لە بازنەی فەرمان و ڕەزامەندی خوادا بێت، بەڵام ئایا فەرمانی خوا چۆنە:

-گوێڕایەڵی شەیتان مەبەو ڕێی خوا بگرەبەر.

-فەرزەکان بەجێبگەیەنە و خۆت لە حەرامەکان دووربگرە.

-هەموو حەڵاڵەکان بخۆ و بخۆرەوەو بپۆشە، پاك و جوان بپۆشە.

-سواری چاك و خانووی خۆشت هەبێت.

-پاك و خاوێن بە و خۆت دووربگرە لە پیسی و چڵکنی و بۆنی ناخۆش.

-هاوسەرگیری بکەن و ئابڕووی یەکتری بپارێزن و بێخەمی دەست و دەم و زمان و داوێنی یەکتری بن.

-ڕێزی دایك و باوکتان بگرن.

-گەورەتان بەسۆز بێت بۆ بچووکتان و بچووکتان ڕێزی گەورەتان بگرن.

-لەگەڵ هەمواندا ڕووخۆش بەو گرژیت نەبێت.

-مەهێڵە دەرودراوسێکان و کەسانی نزیکت برسی و بێناز بن.

-بەختەوەر بژی و سوپاسگوزار بە لەسەر بەخششەکانی خوا.

-ئەگەر نارەحەتیت هاتەڕێ خۆڕاگر بە و دڵخۆش بە کە پاداشتت دەست دەکەوێت.

-چارەسەری نەخۆشەکانتان بکەن و ڕێزیان بگرن و نازیان بکێشن.

ئەمەو دەیان نموونەی تری لەو جۆرە، ئایا ئەم فەرمانانە مایەی بێزاری و ماندوێتین؟

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت(نعما بالمال الصالح للرجل الصالح).[1]

(سامانی چاك بۆ پیاوی چاك باشە).

هەروەها دەفەرموێت:

(كلوا واشربوا وتصدقوا والبسوا ما لم يخالطه إسراف أو مخيلة).[2]

---

[1] – مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٧٤٣٠، المستدرك على الصحيحين، الرقم ٢٠٧١، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم ٢١٧٢٤، صحيح ابن حبان، الرقم ٣٢٧٠، صححه الذهبي في التلخيص.

[2] – سنن ابن ماجة، الرقم ٣٦٠٢، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم ٢٤٣٥٦، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٦٥٢٢، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم ٣٦٠٥.

(بخۆن و بخۆنەوەو خێر بکەن و بپۆشن تا ئەو کاتەی ئەو کارەتان تێکەڵ نەبێت بە زیادەڕەوی یان خۆبەزلزانی).

هەروەها دەفەرموێت(إن الله يحب أن يرى أثر نعمته على عبده).[1]

(خوای گەورە حەز دەکات شوێنەواری بەخششی خۆی بەسەر بەندەکەیەوە ببینێت).

هەروەها گوێ بگرە لەم بەسەرهاتەی کە پێشتر باسمان کرد و جارێکی تر ڕامێنە بزانە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن موسڵمانان فێر دەکات دنیا و قیامەتیش پشتگوێ نەخەن:

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت سێ کەس هاتن بۆ لای ماڵی پێغەمبەر(ﷺ)، سەبارەت بە پەرستشی پێغەمبەری خوا(ﷺ)

[1] – سنن الترمذي، الرقم ٢٨١٦، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٩٤٧٣، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٢٨١٩ حسن صحيح.

پرسیاریان کرد، کاتێك پێیان وترا پێغەمبەر(ﷺ) پەرستشی چۆنە ئەوان ئەو پەرستشەیان بە کەم زانی، ئەوان وتیان ئێمە لە کوێ و پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کوێ کە خوا لە تاوانی پێشین و پاشینی خۆش بووە، یەکێکیان بڕیاریدا و وتی من ئیتر قەت شەوانە ناخەوم و شەونوێژ دەکەم، ئەوی تریان وتی ئیتر بەردەوام ڕۆژو دەگرم و هیچ ڕۆژێك بێ ڕۆژو نابم، ئەوی تریشیان وتی منیش کەنار دەگرم لە ژنان و هەرگیز ژن ناهێنم، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە هات بۆ لایان و فەرمووی(أنتم الذين قلتم كذا وكذا، أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له، لكني أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني)،[1] (ئێوە

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٤٧٧٧ و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم ٢٥٦٦، صحيح ابن حبان، الرقم ١٤، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٥١٧٩، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٢٥٦٩، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٣٧٦٢.

بوون کە ئاوا و ئاواتان وت؟ دەی سوێند بەخوا من لە هەمووتان لەخواترس تر و بەتەقواترم، هاوکاتیش ڕۆژو دەگرم و ڕۆژویش دەشکێنم، نوێژیش دەکەم و دەشخەوم، ژنیش دێنم، جا هەرکەس لە سوننەتم لا بدات ئەوە لە من نیە).

# خەمێکی هاووێنەکانی ڕابوردووت بخۆ

برا ئازیزەکەم، خوشکە بەڕێزەکەم، مامەی تەوبەکار، ئەگەر دەبینیت خوای گەورە ڕزگاری کردویت لە نەزانی و هەڵەی ڕابوردووت، ئەگەر پاش ڕاڕایی و بێزاری ڕابوردووت خوای گەورە دڵئارامی و سوکنایی پێ بەخشیویت، ئەگەر ئێستا ئاهی جارانت بووە بە بزەی لێوانت، دەی بیرت بێت لە ڕابوردووتدا کەسانێکی تر لە دەورت بوون کە هاوشێوەی تۆ گیرۆدە بوون، نەخۆشی دەستی پیلانەکانی شەیتان و پەنگخواردوی گۆماوی چڵکی تاوان بوون، بۆیە لەبیریان مەکە.

پێت خۆش بوو تۆیش هەر لەو جیهانەدا بمێنیتەوە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، دەی ئەگەر خوای گەورە تۆی ڕزگار کرد تۆیش هەوڵێك بدە تا خوای گەورە ئەو هاوڕێیانەی تریشت ڕزگار بکات، چونکە ئەوانیش برسین، تینوون، ماندوون، بەڵام نازانن نان لەکوێیە

و بە ناچاری کەوتوونەتە خواردنی شتە زیانبەخشەکان، نازانن ئاو لە کوێیەو بە ناچاری سوێراو دەنۆشن، نازان حەسانەوە لە چیدایەو بە ناچاری دەخولێنەوەو خۆیان سەرمەست دەکەن بەڵکو ئارامیەکیان بۆ بێت، ئیتر ئەوان چووزانن بە بیستن و وەرگرتن و لێتێگەیشتنی تەنها ئایەتێکی خوا سەدان نارەحەتی و ماندوێتی لای تۆ سفر دەبنەوەو لە بەرامبەردا دڵئارامی و ڕەزامەندی و شوکرانەبژێریت هەیە، ئەوان وادەزانن تۆ خۆت خستوەتە بەندیخانەیەکی سەختتر لەو بەندیخانەی کە تیایدا بویت، چونکە شەیتان وای تێگەیاندوون ئەگەر ئەو هەموو بەهەشتەش هی تۆ بێت تەنها لەو تاکە دارە نەخۆیت ئەوە زیانمەند بویت، ئەو تاکە دارە لەو هەموو بەهەشتە خۆشترە، بەڵێ، شەیتان دەڵێت ئەو تۆزە حەرامانەی هەن زۆر خۆشتر و باشتر و بەچێژترن لەو هەموو حەڵاڵانەی کە هەن.

دەڵێیت چۆن یارمەتییان بدەم، چۆن بتوانم قەناعەتیان پێ بکەم؟ ڕێگەکە دوور نیە و هەنگاوەکەش ئاسانە، ئەم چەند هەنگاوە بگرە بەر:

یەکەم: نیازت پاك و پوخت بۆ خوا پاك بکەرەوە، چونکە ئەگەر نیازت پاك و پوخت نەبێت بۆ خوا ڕەنجەکەت دەفەوتێت، تەنانەت ئەگەر هاوڕێکەشت ڕزگار بکەیت خۆت ماڵوێران دەکەیتەوە، بۆیە زۆر وریای نیەتت بە بۆ خوای گەورە.

دووەم: پشت ببەستە بەخوا، چونکە توانای مرۆڤەکان بۆ هەر کارێك سنووردارە، وتەکانمان ڕەق و کردەمان زبرە ئەگەر خوای گەورە بەرەکەتیان پێ نەبەخشێت، بۆیە پشت ببەستە بە خوا و دڵنیابە خوا یارمەتیت دەدات.

سێیەم: بە نزای خێر دەست پێ بکە، هەوڵ بدە بە کوڵ نزای خێر بکە بۆ ئەو هاوڕێیانەت، داوا بکە لە خوای گەورە ڕێنموونییان پێ ببەخشێت، چونکە نزا چەکێکی زۆر بەهێزی دەستی باوەڕدارە، دەزانیت چەند کەس هەبون بە نزای پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمان بوون؟ دەی ئەگەر خوا مۆڵەتی نزای بەخشیوە بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) مۆڵەتی نزای بە تۆیش بەخشیوە، هەر خودی پێغەمبەر(ﷺ) فێرت دەکات تا نزای خێر بکەیت.

چوارەم: بە کردەوەی جوان و هەڵسوکەوتی نەرمونیان لەگەڵیدا هەوڵ بدە قەناعەتی پێ بکەیت، ڕێی ڕاستی نیشان بدەیت، چونکە هەڵسوکەوتی جوان پەیامێکی گەورەی بەرچاوە، پەیامێکە کە هەستی بەرامبەر ناڕووشێنێت و بێ ئەوەی پێویست بە جووڵەی

دەم بكات ئەوەی دەتەوێت پێی دەڵێیت، لە مێژووی ئیسلامیشدا هەزاران نموونە هەیە كە كەسانێكی زۆر بە كردەوەی جوان باوەڕیان هێناوە.

پێنجەم: بە وتەی جوان و كاریگەر هەوڵ بدە تێیبەگەیەنیت كە ئەو ژیانەی تێدایە هەڵەیە و هەنگاونانە دژ بە بڕیارو ڕێنمایی خوا، لەمەشدا خوای گەورە ڕێنمایی بەخشیوە چۆن تێیبگەیەنیت(ادع إلى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي أحسن)،[1] (بانگەواز بكە بۆ ڕێی پەروەردگارت بە دانایی و ئامۆژگاری چاك و بەوەی كە باشترینە مشتومڕیان لەگەڵ بكە).

ڕێی گەیاندنی پەیامەكەشت دەبێت سێ خاڵی گرنگ لەخۆ بگرێت:

[1] – النحل: ١٢٥.

١- ڕوونکردنەوەی جوان و بەرچاوڕوونی لەو مەسەلەدا تا جوان مەسەلەکەی تێبگەیەنیت.

٢- بە بەڵێنەکانی خوا و دەستکەوتەکان و خۆشی ژیانی باوەڕداری و چاوەڕوانی بەهەشتی نەبڕاوە دڵخۆشی پێ ببەخشیت و موژدەی پێ بدەیت، واتە باسی گەورەیی پاداشتی کاری چاکەو خۆشیەکانی بەهەشتی نەبڕاوەی بۆ بکە.

٣- بە هەڕەشەی خوا و دۆزەخ بیترسێنە، چونکە هەڵەیە تەنها موژدەبەخشی بکەیت و هەڕەشەکانی خواش بەرامبەر بە سەرپێچی و لادان لە فەرمانی خوا نەخەیتەڕوو.

شەشەم: خۆڕاگر بە، چ لە ڕووی هەڵوێستی ناماقووڵ و نالەباری بەرامبەردا، چونکە پزیشك گوێ نادات بە هەڵەشەیی و قسەوتنی ئەو نەخۆشەی لەتاو ئازاری نەخۆشیەکەی و تیمارکردنی

قسە دەڵێت بە پزیشکەکەو هەڵوێستی نەشیاو نیشان دەدات، هەم لەوەشدا خۆڕاگربە کە پەلە نەکەیت لە ئەنجامی کارەکەتدا و وا نەزانیت دەبێت بە یەك ڕۆژ خێرا دەستکەوتی تەواوت دەست بکەوێت، بیرت بێت پێغەمبەرانی خوا هەبوون بە سەدان ساڵ بانگەوازیان کردووەو خۆڕاگر بوون هێشتا هەیانبووە دوو یان سێ کەس لەسەر دەستی ڕێنموونییان وەرگرتووە، مەگەر ئاگادار نیت بە ماندووبوون و هەوڵی بانگەوازی پێغەمبەر نووح و خۆڕاگری سەدان ساڵەی؟!!

گوێ بگرە ئەم کارەی تۆ دەیکەیت چەندە گەورەیە و خوای گەورە چ پاداشتێکی بۆ داناوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت(فوالله لأن يهدي الله بك رجلا خير لك من أن يكون لك حمر

النعم)،[1](سوێند بەخوا ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە ڕێنموونی کەسێك بکات بۆت زۆر باشترە لە بوونی کۆمەڵە وشتری سوور)، ئەوکات وشتری سوور لە گرانبەهاترینی شتەکان بوو.

لە گێڕانەوەی تردا هاتووە(خير لك من الدنيا وما فيها)،[2](بۆت باشترە لە هەموو دنیا و ئەوەشی کە تیایدایە).

جا بەو دڵسۆزیەی بۆ هاوڕێنەکانی ڕابوردووت دەینوێنیت لەلایەکی سوپاسگوزاری خوا دەکەیت کە ڕێنموونی پێ بەخشیویت،

---

[1] – صحيح البخاري، الرقم ٢٨٦٨، صحيح مسلم، الرقم ٤٥٢٧، سنن أبي داود، الرقم ٣١٩٤، صحيح ابن حبان، الرقم ٧٠٤٢، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٧٨٧٩، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٦٩٥٢، مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٢٢٢١٥، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم ٣٣٨، مسند الروياني، الرقم ١٠٠٦، المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٥٥٩٤.

[2] – الزهد و الرقائق لابن المبارك، الرقم ١٣٥٤.

لەلایەکی ترەوە فەرمانی خوا بەجێدەگەیەنیت کە بانگەواز کردنە بۆ ڕێی خوا، لەلایەکی ترەوە دڵسۆزی و وەفاداری خۆت بۆ هاوڕێ و هاوڕێنەکانت نیشان دەدەیت کە کاتێك چاکەت دۆزییەوە هەوڵت دا ئەوانیش بەشداری پێ بکەیت، لەلایەکی تریشەوە پاداشتێکی گەورەت دەستدەکەوێت.

بۆیە مەهێڵە دەرفەتت لەدەست بچێت و ناوی خوای لێ بهێنەو نیازت پوخت بکەرەوەو پشت ببەستە بەخوا و بە گوفتار و کرداری جوان و ژیرانە بەوجۆرەی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی داوایان کردووە هەوڵ بدە هاوڕێنەکانت لە گومڕاییەوە بەرەو ڕووناکی و ڕێی ڕاستی ڕێنمونی بکە.

# دوا وتە

خوشكە نازدارەكەم، برا ئازیزە لاوەكەم، دایكە ماندووە خواناسەكەم، مامی شەكەتی تەوبەكار، باپیرەی ڕیش سپی تازەلەدایك بوو، داپیرەی خۆشۆردوو بە ئاوی لێخۆشبوونی خوا:

دڵنیام كەس هێندەی خۆت شارەزا نیە بە باری ڕابردووی خۆت(بل الإنسان على نفسه بصيرة و لو ألقى معاذيره)[1] بۆیە هەرچەندە لێرەدا باسێكمان هێنا سەبارەت بە ڕابوردووت، بەڵام هیچ كەس وەك خۆت ناتوانێت وورد ڕامێنێت لە ڕابوردووت، ڕامانێك كە بۆ خۆهەڵخەڵەتاندن نەبێت، بەڵكو بۆ دادگاییەكی دروستی خۆت بێت تا هەڵەكانت بزانیت، دەی ئایا پێت خۆشە بگەڕێیتەوە سەر ئەو بارەی جارانت؟!!

[1] ـ القيامة: ١٤ـ١٥.

خوای گەورە ڕێنموونی پێ بەخشیویت و لە چڵك و پیسی پاکی ڕاگرتویت و لە تاوان خاوێنی کردویتەتەوە، پەڵەی ڕەشی سەر بەرگی سپی بە کانیاوی ئیمان بۆ لابردویت و کەلاوەی وێرانەی چەند ساڵەی بۆ کردویتەتە کۆشکی بەختەوەری.

دەی نرخی ئەو بەخشەی خوای گەورە بزانەو ڕۆژانەو بەردەوام سوپاس و ستایشی پەروەردگار بکە لەسەر بەخششی ئیمان، نەکەیت ئەو بەخشەی خوای گەورە پێی بەخشیویت بکەیت بە منەتێك بەسەر موسڵماناندا، بەڵکو بیرت بێت خوای گەورە منەتباری کردویت کە ڕێنموونی کردویت بۆ ڕێی ئیسلام (يمنون عليك أن أسلموا قل لا تمنوا على إسلامكم بل الله يمن عليكم أن هداكم للإيمان)،[1](منەتت بەسەردا دەکەن کە موسڵمان بوون، بڵێ موسڵمانبوونتان مەکەن بە منەت بەسەرم مندا، بەڵکو خوا منەتباری کردوون کە ڕێنموونی کردوون بۆ ئیسلام).

[1] ـ الحجرات: ١٧.

هەوڵ بدە بە جوانی سەرچاوەکانی ئیسلام بزانیت تا ئیتر پێویستیت بەوە نەبێت بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا هاوار بەریتە لای کەسەکان و نێوەند دروست نەبێت لەنێوان تۆ و خوادا، بەڵکو بزانە هیچ نێوەندێکی نێوان تۆ و خوا نیەو پێغەمبەری خوایش(ﷺ) پاش خۆی قورئان و سونەتی خۆی بەجێهێشتووە بۆت و پێی ڕاسپاردویت کە تا ئەو ساتەی بە دروستی پابەندی ئەو دوو سەرچاوەیە بیت هەرگیزاو هەرگیز گومڕا نابیت.

پاشان بە وردی هەنگاو و پلەکانی ڕێ بزانەو بە هەڵە هەنگاو مەنێ تا ڕەنجت بەفیڕۆ نەڕوات، سەرەتا فەرزەکان و لەوەشدا یەکەمجار فەرزە عەینەکان و دواتر فەرزە کیفایەکان بەجێبگەیەنە، پاشان دوورەپەرێز بە لە حەرامکراوەکان، پاشان سوننەتەکان بەجێبگەیەنەو لەوەشدا سەرەتا سوننەتە موئەککەدەکان و دواتر سوننەتەکانی تر، پاشان دوور بگرە لە مەکروهو بێزراوەکان، بشزانە سەد ڕکات نوێژی سوننەتی شەونوێژت نابێتە بەدیل بۆ دوو ڕکات نوێژی بەیانیت.

هەوڵ بدە هەرچیت کردووە دڵسۆزی خۆت بنوێنە بۆ هاووێنەکانی ڕابوردووت، بۆ ئەو هاوڕێیانەت کە هێشتا لە تاریکی و کەلاوەو وێرانەدا ماونەتەوە، هەم بۆ پاداشتی خۆت و هەم بۆ ڕەزامەندی خوا و هەم وەك دڵسۆزیت بۆ ئەو هاوڕێ و ناسراوانەت.

دواجاریش داواکارم لێت ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت نزایەکی بەکوڵ بکەیت بۆ باوکی ئازیزی کۆچکردووم و دایکی نازداری باوەڕدارم.

# سەرچاوەکان


- ❖ القرآن الكريم.
- ❖ صحيح البخاري.
- ❖ صحيح مسلم.
- ❖ سنن الترمذي.
- ❖ سنن أبي داود.
- ❖ سنن ابن ماجة.
- ❖ سنن الدارمي.
- ❖ مسند الروياني.
- ❖ صحيح ابن حبان.

- ❖ السنن الكبرى للنسائي.
- ❖ السنن الكبرى للبيهقي.
- ❖ مسند احمد بن حنبل.
- ❖ المعجم الكبير للطبراني.
- ❖ المعجم الأوسط للطبراني.
- ❖ صحيح و ضعيف سنن الترمذي للألباني.
- ❖ صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة للألباني.
- ❖ صحيح وضعيف الجامع الصغير للألباني.
- ❖ صحيح ابن خزيمة.
- ❖ مستخرج أبي عوانة.

❖ مسند ابن أبي شيبة.

❖ مسند أبي يعلى الموصلي.

❖ شعب الإيمان للبيهقي.

❖ المستدرك على الصحيحين للحاكم.

❖ سير أعلام النبلاء للذهبي.

❖ ابن ناصرالدين: الرد الوافر على من زعم أن ابن تيمية شيخ الاسلام كافر.

❖ الشوكانى: البدر الطالع.

❖ الزهد و الرقائق لابن المبارك.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ٧ |
| جارێكیش بەم چاوەوە بڕوانە ڕابوردووت | ١١ |
| خەمی ڕابوردووت مەخۆ | ٣٣ |
| ڕێی خوا چیت پێ دەبەخشێت | ٤٧ |
| دەخیل سەد دەخیل... وریای نیەتەكەت بە | ٦١ |
| سەرچاوەكانی ئیسلام بزانە | ٧١ |
| هەنگاوەكانی ڕێ بزانە | ٧٧ |
| بارقورسی بۆ خۆت دروست مەكە | ٨٣ |
| تۆ لە ئوممەتی (إقرأ)یت | ٩٣ |
| ئیسلام جیاوازە لە ئایینەكانی تر | ٩٩ |

وریای هاوسەرگیری بە.......................... ١٠٧
نەژیان پەرستی و نە ژیان نەویستی............ ١١٩
خەمێکی هاووێنەکانی ڕابوردووت بخۆ........... ١٢٧
دوا ووتە...................................... ١٣٧
سەرچاوەکان................................... ١٤١

## بەرهەمەكانی نوسەر

نووسینەكان

١. شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە. (چاپكراوە).

٢. ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ). (بەرگی یەكەم و دووەمی چاپكراوە).

٣. ژیانی پێغەمبەر ﷺ بۆ منداڵان. (چاپكراوە).

٤. ژیانی خەلیفەكانی پێغەمبەرﷺ بۆ منداڵان. (چاپكراوە).

٥. هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بۆ منداڵان.(چاپكراوە).

٦. ژیانی هەڵكەوتەكانی ئیسلام بۆ منداڵان(چاپكراوە).

٧. پێناسی هاوەڵان(رضي الله عنهم).(چاپكراوە).

٨. بۆ تەوبەكاران.(ئەم بەرهەمەی بەردەستە).

٩. ڕوانینێك بۆ مێژووی ئیسلامی(چاپكراوە).

١٠. هەنگاوێك بەرەو هاوسەرگیری. (چاپكراوە).

١١. ئیمانناسی(چیرۆك) (چاپكراوە).

وەرگێڕانەكان

١٢. چەند وانەیەك لە مێژووی ئیسلامی: شێخ محمد خضری بك (چاپكراوە).

١٣. پوختەی مێژووی ئیسلامی: د.محمد سهیل طقوش (چاپكراوە).

١٤. دەوڵەتی ئومەوی: پرۆفیسۆر دكتۆر عبدالشافی محمد عبداللطیف (چاپكراوە).

١٥. مێژووی دەوڵەتی عەبباسی: د.محمد سهیل طقوش. (چاپكراوە).

١٦. دەوڵەتی سەلجووقیەكان: د.علی محمد الصلابی وەرگێڕان بەهاوكاری شاهۆ عومەر عارف(چاپكراوە).

١٧. مەغۆل لە مێژوودا: د.فؤاد عبدالمعطی الصیاد(چاپكراوە).

١٨. مێژووی ئەییووبیو مەملووكیەكان: د. أحمد مختار العبادی (چاپكراوە).

١٩. دەوڵەتی عوسمانی: د.علی محمد الصلابی وەرگێرانی بە هاوکاری أحمد عبدالرحمان أحمد (چاپکراوە).

٢٠. پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی، نووسینی: د.رحیم کاظم محمد الهاشمی و أ. عواطف محمد العربی شنقارو. (چاپکراوە).

٢١. جەنگە گەورەکان‌و فتوحاتە ئیسلامیەکان: محمد سعید مرسی (ئامادەیە بۆ چاپ).

٢٢. سەرچاوەکانی ئیمامی تەبەری (نامیلکە) نووسینی:د.محمد أمحزون، لە ماڵپەری ئەیووبی بڵاوکراوەتەوە.

٢٣. پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، محمود شاکر، بە هاوکاری مامۆستا مووسا. (چاپکراوە).

٢٤. پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: پرۆفیسۆر دکتۆر جفری برۆن. (چاپکراوە).

٢٥. مێژووی نوێی ئەوروپا: چەند نووسەرێك، وەرگێڕان بە هاوکاری فارووق محمد محمدأمين (ئامادەیە بۆ چاپ).

٢٦.فیکری ڕۆژئاوا، ئەنوەرلجوندی.(چاپکراوە).

٢٧.بەراوردی ئایینەکان، نووسینی أنور الجندی. (چاپکراوە).

٢٨.ئیسلام و بانگەوازە ڕووخێنەرەکان، نووسینی: أنور الجندی.(چاپکراوە).

٢٩.ڕەوتە هەناردەکان، نووسینی: أنور الجندی.(چاپکراوە).

٣٠. بەراوردێك لەنێوان غەزالیو ئیبن تەیمیەدا: د.محمد رشاد سالم ( ئامادەیە).

٣١. ژیانی هاوەڵان( سێ بەرگ)، نووسینی: محمد یوسف الكاندهلوی.(چاپکراوە).

٣٢.بەگەورەدانانی خواو حوکمی ئەوەی قسەی پێ دەڵێت(نامیلکە)، نووسینی :د.عبدالعزیز الطریفی، لەماڵپەڕی ئیسلام هاوس بڵاوکراوەتەوە.